


WWW.JINEFTIN.KRD

### تەوەری
### (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی)

# پانۆرامای (ڕەهەند)

## ئامادەکردنی: ژنەفتن

ژنەفتن
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

## بەشی دووەم

ماڵپەڕی ژنەفتن لە دەستپێکی تەوەرێکیدا لەبارەی (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی)؛ بە پێویستی زانی پانۆرامایەک لەسەر بڵاوکراوە و چالاکییەکانی نێوەندی ڕەهەند ئامادە بکات. لە پانۆرامەکەدا پێشەکی (خۆیان ناویان ناوە هەڵوێستە)ی هەموو ژمارەکانی ڕەهەند تایپ کراوەتەوە لەگەڵ پێرستی بابەتەکانی هەموو ژمارەکان و دەستەی نووسەرانی ئەو ژمارانە. تێبینی دەکەن کە لە دەستەی نووسەران و شیوازی کارکردن لە هەندێ لە ژمارەکاندا گۆڕانکاری کراوە. بە هیچ شێوەیەک دەستکاری ڕێنووس نەکراوە و تەنیا تایپ کراوەتەوە.

ئەمەی بەردەستتان بەشی دووەمە لەو سێ بەشەی پانۆراماکە:.

## ژمارە ١٩٩٩/٧

## ئەنفال

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەڵکەوت عەبدوڵڵا)

تایپ: عەبدوڵلا قادر دانساز

## ناوخن


هەڵوێستە

کۆنفرانسێک بۆ ئەفال لە زانکۆی ئەمستردام. ئامادەکردنی: ئینگا ڕۆگ

جینۆساید، هاوتاوانی، بێدەنگبووب. نووسینی: یۆست هیلتەرمان. وەرگیرانی: کاوە ساڵح

عێراق و ئۆتۆنۆمییە کۆمەڵایەتییەکان. نووسینی: سامی زوبەیدە. وەرگێڕانی: مەریوان ووریا قانیع

ئەنفال و مۆدێرنە: ڕوداوێک لە دوامانەوە یان ئەگەرێک لە پێشمانەوە. نووسینی: مەریوان ووریا قانیع

ئەنفال قۆناغێکە لە پراکتیککردنی جینۆساید، نووسینی: مارف عومەر گوڵ

لە ئەنفالەوە بۆ خوێندنەوەی ڕوویەکی تاریکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی. نووسینی: بەرزان فەرەج

ئەنفال؛ جینۆسایدکردنی کورد لە عێراق. نووسینی خالید ساڵح. وەرگێڕانی: کاوە جەمال

لە ئەنفالەوە بۆ ئەنفال. نووسینی: عەبدولکەریم هەڵەدنی

هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون. نووسینی: ئاراس فەتاح

جینۆسایدێک لە ئاییندا بۆ ڕەوایەتی خۆی دەگەڕێت. نووسینی: ئارام کاکەی فەلاح

لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن. نووسینی: بەختیار عەلی

دەوڵەتی هەرزەکار و ئایدۆلۆژیای قەیران. نووسینی: هۆشەنگی وەزیری

هونەر و یادکردنەوە. نووسینی: ڕێبوار سیوەیلی

چاوپێکەوتنیک لەگەڵ یۆست هیلتەرمان. ئامادەکردنی: ئاراس فەتاح

گفتوگۆیەک لەگەڵ سوزان مەیسێلان. ئامادەکردنی: هیوا قادر

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ د. کەمال مەزهەر. ئامادەکردنی: شیلان ئەحمەد

ئاوێنە بچکۆلەکان

## هەڵویستە

### ئەنفال، بۆ؟

لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕەهەنددا، دەرکردنی ژمارەیەکی تایبەت بە ئەنفال یەکێک لە خەونە گەورەکانمان بوو، نەک لەبەرئەوەی ئەنفال ڕوداوێکە پێویستی بە یادخستنەوە هەیە، یان تەماحمان لەوەبێت، بەکارێکی لەو جۆرە، ئەو قەرزە ئەخلاقی و ویژدانییە قووڵە بدەینەوە کە بەرامبەر قوربانییەکان هەستیپێدەکەین، بەڵکو لەبەرئەوەی قسەکردن لەسەر ئەنفال دەشێت ئەو دەروازە گەورە و ترسناکە بێت کە لە ڕێگایەوە جارێکی دیکە تیشک بخەینە سەر چەندەها ڕووبەری لە یادکراو و پشتگوێخراوی مێژوومان، کە تا ئەمرۆ هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە بوون و مانەوەی نەتەوەکەمان دەکەن. سەرەتا بەر لە هەر شتێک ڕێزی قووڵی خۆمان دەرهەق بە هەموو ئەو هەوڵانە نیشاندەدەین کە بۆ پاراستنی ڕاستییەکانی ئەنفال و بۆ ئەنفالکراوان کراون، هەتا ئەگەر شتێکی کەمیش بێت، هیواشمان وایە ئەم ژمارە تایبەتەی ڕەهەند بەشداربێت لە کردنەوەی دەرگای دیالۆگێکی دەوڵەمەندتر و قووڵتر، دیالۆگێک کە لە زمانی کرۆزانەوە و بالۆرەکردنەوە بگوازێتەوە سەر لیکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە ئەنفال، کە تاکە زەمینەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ تێگەیشتن لە سەردەمێکی گرنگی مێژووی تازەمان. ئەمە جگەلەوەی کە ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەنفال یەکێک لە کەناڵە گرنگەکانی قسەکردن لەسەر پێکهاتی سیاسی ئەمڕۆ و داهاتوومان پێکدەهێنێت. کردنەوەی تەوەری ئەنفالیش تەنیا کردنەوەی مەلەفی بەعس نییە، بەڵکو کردنەوەی مەلەفی کردنەوەی پاشەڕۆژی سیاسی وڵاتی ئێمەشە.

دیاردەیەک کە لەسەرەتاوە سەرنجمان ڕادەکێشێت، بێدەنگی و خامۆشی ڕۆشنبیریی تەقلیدیی ئێمەیە دەرهەق بە ئەنفال. ئەم ڕۆشنبیرییە کە هەرگیز جگە لە نیشتیمانپەروەریی و کوردپەروەریی سیفەتی دیکەی نەبووە خۆی پێوە هەڵکێشێت،

کەچی بە درێژایی دەسـاڵە ئیفلیجە لە پێشـکەشـکردنی شـتێکی گرنگ دەربارەی ترسـناکترین کارەسـاتی نەتەوەیی لەم سـەدەیەدا. ئەم بێدەنگییە ڕێکەوت نییە، بەڵکو ڕاسـتەوخۆ ئەوە ئاشـکرادەکات کە خۆشـاردنەوەی ڕۆشـنبیریی تەقلیدیی ئێمە لەژێر هەندێ دروشـمی سـیاسـیدا، تەنیا هەوڵدانێکە بۆ خۆشـاردنەوە و خۆدزینەوە لە وەزیفە فیکری و مەعریفییەکان. ئەنفال ئاشـکرایکرد کە ئەم ڕۆشـنبیرییە دروشـمپەروەرە لە جەوهەردا کەمتەرخەمییەکی قووڵی بەرامبەر کۆمەڵ و ئازادی و مرۆڤ لە کوردسـتان شـاردۆتەوە. ئەم بێدەنگییە دوور و درێژە پتر لەهەر شـتێکی دیکە بەیانکەری ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ئیفلاسە سیاسی و فکرییەیە کە سەلەفییەتی ڕۆشنبیریی و سیاسی تیادەژین. لەدوای ئەم بێدەنگییە، لەدوای ئەو فەرامۆشـکردنە بوارێک نامێنێتەوە بۆ باوەڕهێنان بەوانەی کە بە ناوی کورد و شـۆرشـگێڕێتی و ئازادیەوە، دەیانەوێت شـورایەک بەدەوری حوجرە تاریکەکانی خۆیان بکێشـن، ئەم حوجرانەی کە ئەمڕۆ ئاشـکرایە چەندە لە کورد و لە مرۆڤدۆسـتی خاڵییە و چەندەش لە شـێواندنی دەستەئەنقەستی ماناکانی کوردبوون و ئازادبوون لێوان لێوە. کەمتەرخەمی دەرهەق بە ئەنفال، ئەوەی دەرخسـت کە زۆر لە ڕۆشـنبیرانی ئێمە، هەتا هەندێک لەوانەش کە دروشـمی نەفرەتلێکردنی واقعی سـیاسـی ئەمرۆیان بەرزکردۆتەوە. لە تەک کۆمەڵێک ناوەندی سـیاسـیدا بەشـدارن لە گۆڕینی قوربانییەکانی کورددا بۆ کلێشـەیەک کە خوتبەچییەکان لە پێناوی پتەوکردنی هەرچی زیاتری پایەکانی واقیعی سـیاسـی و ڕۆشـنبیریدا بەکاریدەهێنن. دە ساڵە ڕۆشنبیریی ئێمە نەیتوانیوە ئەنفال لە وشەی ناو خوتبەکانەوە بکاتە ئەو کلیلەی کە جەوهەری قۆناغێک و هەرەسی سەردەمێکی سیاسی ئاشـکرادەکات. ڕۆشـنبیرییەکیش نەتوانێت ئەنفال لە خوتبەکان دەربهێنێت و بیکاتە کەرەسـتەی لەدایکبوونی دونیابینییەکی نوێ، یان بیکاتە بەهانەی لەدایکبوونی گومان و پرسیاری نوێ، ئیدی شایستەی لێخۆشبوون نییە.

بێتوانایی ڕۆشـنبیریی ئێمە لەوەی ئەنفال بکاتە سـەرەتای لەدایکبوونی ئەخلاقێکی سـیاسـی نوێ، تەنیا لە سـستبوونی واقیعی ڕۆشـنبیریدا ڕەنگینەداتەوە، بەڵکو لە ژیانی هەموو ئەو خێزانانەشـدا دەبینرێتەوە کە لە ئەنفالکراوان جێماون. ئەنفالییەکان تائەمڕۆ وەک هەمیشـە لە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی ئێمەدا دەژین، هەر گروهێکی دەرکرا و بێبایەخ و فەرامۆشـکراون. ئەو هەوڵدانە بچوکەی ئێمەش، تەنیا هەوڵدان نییە بۆ ئاشـکراکردنی ڕووە دزێوەکانی ئەو تراژیدیا گەورەیە، بەڵکو هەوڵدانیشـە بۆ

یادهێنانەوەی ئەو قوربانییە زیندوانەی ئەنفال کە تائێستــــتا گروهێکی پەراوێزکراو و بێدەنگ و بێبایەخن.

لەڕاستیدا دەزگا ئیداری و سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی ئێمە تەنها لەوەدا کەمتەرخەمنین کە نەیانتوانی ئەنفال بکەنە بابەتێکی فیکری و مەعریفی، بەڵکو بایەخیشــــیاننەدا بە پاراستنی ئەرشیفە ڕاستەقینەکانی ئەنفال و مۆزەیەکی تایبەتیان بۆ پاشماوەکانیان و یادگارییەکانیان دروستنەکرد، واتا ئەگەرچی هەرچییەک لەو بوارەدا کراوە لە سنووری کاری ئەرشیف و دۆکۆمێنت تێناپەڕێت، بەڵام ئاشکراشە کە کاری ئەرشیفکردن لەگەڵ هەموو گرنگییەکیدا، ئاراســـتەیەکی تایبەتی وەرگرتووە کە هێندەی مەبەســـتی بە دەســـتهێنانی شـــەرعییەتە بۆ هەندێ کردەی ســـیاســـی دژی ڕژێم، بە هەمان ئەندازە بایەخنادات بە خودی قوربانییەکان. کاری ڕاســـتەقینەی ئەرشـــیف ئەوە نییە کە تەنها دیکۆمێنتەکانی تاوان بپارێزێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەبێت ئاوێنەی ئەو ئەو ژیانانەش بێت کە لەدەســـتچوون و بەربەریانە زەوتکراون. ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگە هەوڵدانی تێپەراندنی ســـیاســـەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەنفالدا، وەکو کێشـــەیەکی تایبەت بە دۆکۆمێنتکردن و بەڵگەپارێزیی. ئەنفال بەتەنها کاری ئەرشیفکردن و چاپکردنی هەندێک بەڵگە نییە، بەڵکو جەوهەری ئەنفال مەسەلەی هەڵدانەوەی لاپەرەکانی تاوانی سیاسییە لە مێژووی ئێمەدا، بە هەموو ڕەهەند و چەمکەکانییەوە. ئەنفال ئەوە ئاشکرادەکات، ئایا جەلادەکان تا چ ئەندازەیەک دەتوانن لە ڕابوردووی خۆیان دەرچن و قوربانیش تا چ ئەندازەیەک لە داهاتوودا نەبێتە جەلاد.

لەمڕودا کە قســـەکردن لەســـەر دیالۆگی عەرەبی-کوردی، بابەتێکە زووزوو دووبارەدەبێتەوە، مافی خۆمانە بە ســـازدەران و بەشـــداریکەرانی ئەو جۆرە دیالۆگانە بڵێین: (هەر دیالۆگێک لەو چەشنە، لەســەرەتاوە تا کۆتایی، گەر نەبێتە دیالۆگ لەســەر ئەنفال، ئەوا دیالۆگێکی درۆزن و بێئەنجامە). ئەمڕۆ یەک کەناڵ هەیە کە دەشـــێت ببێتە ســـەرەتای ڕاســـتەقینە بۆ ئەو دیالۆگە، ئەویش داننانی عەرەبە وەکو دەوڵەتان و ڕێکخراوان و ڕۆشـــنبیران بە ئەنفالدا، وەکو تراژیدیایەکی ئینســـانی کە بەدەســـتی ســـوپایەکی عەرەبی ئەنجامدراوە و ڕیشـــەکەشـــی لەناو ناســـیۆنالیزمی عەرەبییەوە ســـەریدەرهێناوە. دیالۆگ مانای بونیادنانەوەیەکی ئەخلاقیانەیە بۆ پەیوەندی مرۆڤی کورد و عەرەب. بونیادنانەوەی ئەخلاقیش بەبێ داوای لێبوردنکردنێکی بەرفراوان و ڕاستگۆ لە قوربانییەکانی ئەنفال و کورد نایەتەدی، داوای بەخشینێک کە لەگەڵ خۆشیدا

قبوڵکردنێکی تەواوی بژاردنەوەی هەموو زیانە مادیی و مەعنەوییەکانی هەڵگرتبێت. ئێمە پێمانوایە هەر بێدەنگبوونێک لە مافی ئەنفالکراوان، هەر کەمتەرخەمییەک لەداواکردنەوەی تەرمەکانیان، هەر فەرامۆشـــکردنێکی دۆزینەوە و دەرخســـتنی هەموو ڕاســـتییەکان دەرهەق بە ســروشــتی تاوانەکە و ئەنجامدەرانی، ڕاســتەوخۆ ئەو ســیاســەتمەدارانە تەحەمولیدەکەن، کە بەبێ مەلەفی ئەنفال دەچنە سەر مێزی دیالۆگ و دانوستان. بۆیە لە ئێســـتاوە ئومێدمان ئەوەیە کە لەهەموو دیالۆگەکان و هەموو دانوســـتانەکاندا ئەنفال نەبێتە بابەتێکی لاوەکی و تێپەر کە لەسنووری گلەیی سیاسەتمەدارانی کورد و عەرەبدا لە یەکتر گیربخوات.

گۆڕینی ئەنفال بۆ بابەتێکی ســـەرەکی و ســتراتیژی لە هەڵســـەنگاندنی ڕاســت و درۆی دروشـــمە ســـیاســـییەکاندا زۆر خاڵی ئاڵۆزمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بۆیە هەســـتیاریی و هۆشیاریی هەرچی زیاتر بەرامبەر بە ئەنفال بە دڵنیایەوە یەکێکە لەو مەحەکە سیاسییە گرنگانەی کە نابێت نە ڕۆشـــنبیران و نە هاوڵاتیانی ســـادە لە ئاســـتیدا بێدەنگ بن، هەر حیزبێکی سیاسی کە خوازیارە حوکمی کوردستان بکات، مەبەستێتی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا (ئەگەر هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجامدرا) بروایەکی زیاتر بەدەســتبهێنێت، دەبێت بەرنامەیەکی ئاشـــکراو دیاریکراوی لەســـەر ئەنفال و کارکردن بۆ ئەنفال و مامەڵکردن لەگەڵ تاوانبارە گەورەکانی هەبێت، ئەوەی پێویســـتە بەرنامەیەکی بەرجەســـتە و کارکردنی چالاکانەیە بۆ هەموو لایەنەکانی بابەتی ئەنفال، نەوەکو هەندێ دروشـــمی دووبارە و ســـەدبارە بووەوە. ئەوەی هەڵوێســتی لەســـەر ئەنفال نەبێت، واتە هەوێســتی لەسەر پاشەڕۆژی سیاسی نییە و نیگایەکی ڕوونی نییە بۆ سبەی.

دەســـاڵە ســـیاســـەتمەدارانی ئێمە، چاوەڕوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان، تۆڵەی ئەنفالیان بۆ بکاتەوە. بەڵام ئاشـــکراشـــە ئەمەریکا لەبەر ســـەدەها هۆ نایەوێت، ســـەدام حوسەین، وەک تاوانبارێکی ڕاستەقینەی ئەم ســەدەیە بناســێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە سیاسەتە چەوت و درندانەکەی ئەمەریکا ئەمڕۆ بوو بە هۆیەک ڕژێمی عێراقی دووبارە ناوبانگی ئەخلاقی خۆی بونیادبنێتەوە، ئەو گەمارۆ دڕندانەیەی ئەمەریکا، ئەو موشەکبارانکردنەی شوێنانی مەدەنی، ئەو دەستپاراستنە لەسەرانی ڕژێم، کە بڕێکیان ئێســـتا وەکی ئۆپۆزیســـیۆن چالاکن، هەموو بوونە زەمینەیەکی گەورە کە پیاوکوژێکی وەک سەدام حوسەین درێژە بداتە دەسەڵاتی خۆی و زەمینەی ئەخلاقیانەشی هەبێت بۆ ئەو ڕاوەستان و مانەوەیە. فەرامۆشکردنی ئەنفال وایکرد لەسەرەتاوە سزاکانی سەر

ڕژێم تەنیا لایەنی تەکنیکی بگرێتەوە و لە سـنووری داماڵینی چەکەوە نەگوازێتەوە بۆ سـنووری داماڵینی شـەرعییەتی ئەخلاقی. هەرئەوەشـە وادەکات تا ئەمرۆ ئەمەریکا نەتوانێت بە زمانێکی ئاشکرا و بە کۆنکرێتی لەسەر گەورەیی تاوانەکانی ئەم ڕژێمە بێتە دەنگ. بەلاوەنانی ئەنفال، تا ئەم سـاتەش ئەم زەمینە گەورەیەیە کە ڕژێم لەسـەری وەسـتاوە، بەبێ هاتنەدەنگیش لەسـەر ئەنفال ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ئەگەر ئەستەم نەبێت، ئەوا کارێکی قورسـە. بۆیە بەرامبەر ئەو پەردەپۆشـی و بێدەنگییەی ئەمەریکا و دەوڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات دەرهەق بە ئەنفال، وەکو بەڵگەیەکی تری ڕاسـتەقینەی درندەیی لەم سـەدەیە، پێداویسـتییەکی ئەخلاقی و سـیاسـییە کە دەزگا و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کورد خۆیان دەسـتبەکاربن، چونکە چیدی ناکرێت هەیئەتە یاسـایی و دادگاییەکانی کورد هێندە ئیفلیج بن، نەتوانن وەزیفەکانی خۆیان ببینن.

***

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ژمارەیە بۆ چاپ، هەواڵی دەسـتگیرکردنی نایاسـاییانای سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پایتەختی(کینیا)، بوو بە دەنگوباسی سەرەکی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شـەپۆلی نارەزایی کۆمەلانی خەڵکی کوردسـتان لە هەموو جیهاندا دژ بەو چەتەگەرییە نێونەتەوەییە هەموو کونج و قوژبنێکی گرتەوە و قەیرانێکی سیاسی و ئەخلاقیشی لە ئەوروپادا دروستکرد.

گومانی تێدا نییە کە ئەمە یەکەمجار نییە لە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردسـتانی باکووردا کە سـەرۆکی بزقوتنەوەکەی دەسـتگیردەکرێت و دەربێتەوە بۆ (ئەسـتانە). یەکەمجار نییە لە مێژووی ئەو میلەتە کە پێشـرەوە و پێشـمەرگەکانی وەکی (لە یاسـا لادەر) تەماشـائەکرێن و سـزا و ڕقی دەوڵەت و (نەتەوەی پیرۆزی) تورکیان بەسـەردا دەبارێت. ئەمە یەکەمین جار نییە لە مێژووی کورد کە دەوڵەتێکی دراوسێ لە ترسـی بەرژوەندی و ئاسـاییش و دەسـتکەوتی نەتەوەیی خۆی دەسـتبەرداری بەکارهێنانی کورد ئەبێت و پاشان بە دەرەنجامی ترسناک و کارەستاوی بۆ پێشرەوان و بزووتنەوەکە و گەلی کورد ئەکەوێتەوە.. ئەمە یەکەمجار نییە کە بەرژوەندییە دەوڵەتی و ناوچەیی و نێونەتەوایەتییەکان لەسـەر خاکی کوردسـتان و لەسـەر ئێسقانی خەڵکی کورددا یەکتری دەبڕن بەرژەوەندی و هێز بەسـەر عەدالەت و لێپرسـراوێتی ڕەوایەتی خەباتی میلەتێکی چەوساوەدا زاڵ ئەبێت.

بەڵێ ئەمانە و چەندان نموونەی دی، ئەزموونی نوێ نین بۆ سەرانی کورد و بزووتنەوەکانی. ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر دووبارەبوونەوەی ئەزموونەکان نییە، ئەوەی لەم دۆخەشدا گرنگە، دەستنیشانکردنی مانای ئەم تراژیدیایەیە لەناو دیاردە و بەرئەنجامە نوێکانی ئەم جیهانەدا کە پێیدەگوترێت(دونیای گڵۆباڵ). دیاردەیەک کە بە ئاشکارا ڕەهەندێکی دووفاقەیی لە خۆگرتوە و ئاسۆکانیشی بۆ کورد گەر لە چەند پەنجەرەیەکەوە بەسەر دونیادا کراوەبێت، ئەوا لە چەندین دەرگاشەوە داخراوە.

ئەوەی نوێیە لەم جیهانەدا بۆ کورد تاراوگەبوونی سێ نەوەی کوردییە بەسەر ئەوروپا و جیهاندا. نەوەی یەکەمیان لە پەنجا و شەستەکانی ئەم سەدەیە لە پێناوی دۆزینەوەی شانسی ژیانێکی نوێ، وەک کارگەر ڕوویان لە ئەوروپا کرد. نەوەی دووەمیشی وەکو خوێندکار و نەوەی سێیەمیش لە هەشتاو نەوەدەکاندا وەکی پەناهەندەی سیاسی لەم وڵاتانە نیشتەجێبوون. ئەم بەشانەی ناو کۆمەڵگای کوردی بێبەری نەبوون لە کاریگەری و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتەکەیان، بۆیە ئەمڕۆ چەندە بەسەر سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تیادا دەچەوسێنرێتەوە چاودێرن، ئەوەندەش لەدەرەوەی وڵاتیش بونەتە (گروپی فشار) بەسەر ویژدان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێونەتەوەییەوە. ئەمە ئەگەرچی ڕەهەندێکی کارەساتاوی میللەتێکی پەرتەوازە ئاشکرادەکات، بەڵام زەمینەیەکیشە، کە ئاسۆ و ماناکانی مەسەلەی کورد لە ئاستی نێونەتەوایەتیی بەرفراوانتر و قووڵتردەکاتەوە.

هەربۆیە ڕێکەوت نییە کە دەستگیرکردنی"ئاپۆ"(بۆ دووەم جار دوای هەڵەبجە)، کوردی هەموو بەشەکانی لەدەوری مەسەلەکەیان کۆکردەوە. لەم شەپۆلی ناڕەزاییەدا، جارێکی تر ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە ناکۆکییە سیاسی و ئیقلیمی و ئایدۆلۆژییەکان، بەرامبەر بە گەورەیی کارەسات و پیلانەکان دەکەونە پەراوێزەوە. ئەمە سەرەڕای کۆششی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە سیاسیەکانی ئەوروپی بۆ پارچەپارچەکردنی کێشەکە و نیشاندانی پارتی کرێکاران، وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆرست و وێناکردنی بەوەی کە بەشێک نییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە دواجاردا ئەم هەوڵ و خواستانە هەموویان بێدەرەنجام کەوتنەوە، چوونکی ئەزموونەکان ئەوە بە کورد دەڵێن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆرئاوا هەنگاوێکی ڕاستەقینەی نەناوە بە ئاراستەی تاوانبارکردنی جەنەڕال و سیاسییە ناسیۆنال- شۆڤێنییەکانی تورکدا و بە ڕوونی دەنگی هەڵنەبریوە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد. ئەم شەپۆلی تورهی‌یەی خەڵکی کوردستان، ئەوەی

دەرخست، کە لەناخی مرۆڤی کورددا ئیرادەیەکی گەورە هەیە، ئیرادەیەک گەر سیاسییە دوورڕووەکان و سیاسەتی ئیقلیمچێتی و هاریکارانی داگیرکەران لێگەڕێن، ئەوا توانای دەرەنجانی کاری مەزنی هەیە.

ئەوەی لەم کارەساتە نوێیە، بریتییە لە بەشداربوونی یەکەمجاری تۆڕێکی گەورە لە لێهاتووترین دەزگا ئیستخباراتییەکانی جیهان، بۆ دەستگیرکردنی سەرۆکی ڕێکخراوێک و خنکاندنی بزووتنەوەی ڕزگاری پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان و پێشکەشکردنی، وەکی (دیاری)یەکی پێکەوەکارکردنی نێونەتەوەیی دژ بە(تیرۆریزم) بە دەوڵەتێک کە بۆخۆی نموونەیەکی نوێی وەحشیگەرییە لەم دونیای مودێرنەدا.. ئەوەی نوێیە، بریتییە لەوەی کە چیدی سەردەمی ئەوە بەسەرچوو بزووتنەوەیەکی کوردی پشتئەستور بە ناکۆکی ناوچەییەکانی نێوان دەوڵەتەکان زەمانەتی بوونی خۆی و ڕێکخراوەکەی بکات... ئەوەی نوێیە، بریتیە لە نەبوونی بستێک زەوی بۆ هیچ کەسێک لەم جیهانە گلۆباڵە، کاتێک کە بەرژوەندی و ئاساییشی ئەم سیستەمە جیهانییە بخاتە مەترسییەوەو حوکمەکان و دەستووری یارییەکانی بێقەیدوشەرت قەبوڵ نەکات. "ئاپۆ" دەشێت لێرەدا تاکە سەرۆکی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بێت، کە یاساکانی ئەم جیهانە نوێیەی بەسەردا جێبەجێکرا. ئەوەی نوێیە بریتییە لەوەی کە دوای (ئەزموونی ئاپۆ) هەموو حیزب و سیاسەتمەدارە کوردەکان دەبێت تێبگەن، گەر پشتیوانی سەرەکییان ئیرادەی خەڵکی کورد نەبێت و ڕێزیان بۆ ئەو ئیرادەیەش نەبێت، ئەوا پشتبەستنی ڕەها بە لایەنێک لە وێنەی ئەمەریکا، یان ڕێککەوتنە ئیقلیمییەکان، مانای ئەوەیە، ئەوان هەمیشە لەسەر مینێک وەستاون، یان بۆبمێکی کاتی لەژێر کورسییەکانیاندایە. بۆیە تاکە ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە سیاسییە نەتەوەییەی ئەمرۆی کورد، داکۆکیکردنە لەمافە ڕەواکانی گەلی کورد و دروستکردنی ئیجماعێکی (کۆنزێنس) سیاسییە کە لەساتی قەیرانە سەختەکاندا ڕووبەرێکی بەرگریان بۆ بهێڵێتەوە.

کورد لەسەردەمی جەنگی سارددا قوربانی ململانێی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوو. ئەمرۆش کەمتەرخەمی و نەبوونی خواستی سیاسی لە ئەورووپا، لەوەی چالاکانە هەتا بەشدارییەکی بچوکیش بکەن لە فشارهێناندا بۆ سەر حوکمرانەکانی ناوچەکە، ڕووی ئەو هەرەسە ئەخلاقییە نیشاندەدات کە سەرەتاکانی بەگلۆباڵبوونی جیهان لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتەوە. (ئاپۆ) لە گەشتە (ئۆدیسیێ)یەکەی خۆیدا لە ئەورووپا و ڕوسیا و ئەفەریقادا، زۆربەی ئەو ئەگەرانەی تاقیکردەوە کە لە دونیای ئەمڕۆی سیاسەتدا باوە... پاش

نائومێدبوون و ســـــەرنەکەوتنیشـــــی لەم هەنگاوەنەدا، ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی دادگایەکی نێودەوڵەتی بوو، کە تیایدا هەموو تاوانەکان بخرێنەڕوو، تاوانی پارتی کرێکاران و تاوانە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیاش، بەڵام دیارە خۆرئاوا بۆئەوەی تیشـــک نەخاتە ســـەر کێشـــەی کورد و زیان لە بەرژوەندییەکانی خۆیان نەکەوێت، هەر(ئاپۆ)یان پێشـــکەش بە ســـێدارەکانی تورک کرد، بەڵکو ســـڵ لەوەش ناکەنەوە کە ســـەرجەمی پرۆتێســـتەکانی(موعارەزە) کورد بە پرۆتێســـتی تیرۆرســـتی ناوبەرن. هەرلێرەوە ئێمە پێمانوایە ئەو داواکارییانەی خۆرئاوا دەیکات لە دادگا خوێناوییەکانی تورکیا، بۆ دادوەرییەکی عادیلانەی (ئاپۆ) کە تاکە(مەرحەمەتێکە) دەزگا ســیاســییەکانی ئەوروپی بۆ کوردی بنوێنن، درۆیەکی گەورە و ناشرینە.

دیارە ئەوە ڕاستییەکە کە هاوکاریکردنی نێونەتەوایەتی لە گرتنی چەتەئاساییانەی (ئاپۆ) و چاوبەستکردنی بۆ زیندانی تورکان، کۆشتنێکی ڕەمزییانەیە بۆ گەلی کورد بەگشتی و بۆ کوردســتانی تورکیاش بە تایبەتی، کولتوورێکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەرامبەر بە ســـەرانی کوردســـتانی ئێرانیش بە بەرچاوی ڕای گشـــتی جیهانییەوە لە ئەوروپا پیادەکرا... بۆیە دوای تەســـلیمکردنەوەی(ئاپۆ) بە دوژمنەکەی، چاوەڕوانکردی ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێن و زەمینەی کۆنفراســـێکی نێونەتەوەیی بۆ چارەســـەرکردنی کێشـەی کورد خۆشبکەن، بەقەد دووری نێوان(نیرۆبی) و (مەڕمەڕە)، کە ئێستا(ئاپۆ)ی تیادا زیندانە، لە واقیع بینییەوە دوورە. ئەو ڕاستییەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە خۆمان تەسلیمی ڕادیکالییەتێکی ناعەقڵانی بکەین. واقیعی سیاسی ئەوەمان پێدەڵێت، کە چەندە سیاسەتی پراگماتیکی ئۆپۆرتۆنیستانەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەبێ فشاری مەدەنی کورد و ڕای گشـتی جیهانی، ناتوانێت ئەلتەرناتیڤ بەرهەمبهێنێت بۆ چارەســەری مەســەلەی کورد، ئەوەندەش تەسلیمبوون بە ڕادیکالیزمێکی ناعەقڵانی ناتوانێت ببێت بە ئەلتەرناتیڤی ئەم دۆخە. لێرەدا زۆر گرنگە ئەو ســۆزە نەتەوەییە ڕاچەنیوە لە ناو ســـەرمایەی هیچ حیزبێکدا دیل نەکرێت و نەکرێتە هەوێنی تاودانی هەرچی زیاتری ململانێی دوژمنکارانەی گروپی بە پارچەپارچەبوونی پتری ناو بزاوتە ســیاســییەکانی کورد و دروستکردنی سیناریۆی نوێ بۆ شەری ناوخۆ. لێرەدا چەندە هەڵوێستی ڕەق دەرهەق بە داگیرکەران پێویســـتە، هێندەش نەرمی و دیالۆگ لەناو خۆیدا گرنگی ســـتراتیژانەی خۆی هەیە. پێویستە ئەو ئازارە ڕاچەنیوە نەبێتە مایەی دروستکردنی وەهمی خواردنی حیزبەکانی کوردســـتان بۆ یەکتر و نەبێتە مایەی ئەوەی کە یەکێک لە ڕێکخراوەکان وەهمی (تاکە نوێنەر) و خەیاڵی (پارتی ســەرکردە) لەســەری خۆیدا گەورەبکات، کە بە

دڵنیاییەوە بە کارەســـــاتی گەورەتر دواییدێت. ئەم تراژیدیایە و ئەم ڕاپەڕینی نائومێدییە دەبێت وەکو دەروازەیەکی دەرچوون لە تراژیدیا هەڵســـوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، نەوەکو دەروازەی کردنەوەی کارەسات و دروستکردنی تراژیدیای سیاسی دیکە.

لێپرسراوانی ئەم ژمارەیە: بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح

**ژمارە: ١٩٩٨/٨**

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەســتەی نووســەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەڵکەوت عەبدوڵڵا)

لێپرسراوانی ئەم ژمارەیە: فاروق ڕەفیق، هەڵکەوت عەبدوڵا

**ناوخن**


| | |
|---|---|
| لەبری هەلوێستە | فاروق ڕەفیق |
| ئەخلاقناسی لە دنیای پۆست مۆدێرنەدا | مەریوان وریا قانیع |
| خۆرئاوا و ئەوەکانی، موسڵمان وەکو ئەوی خۆرئاوا | فاروق ڕەفیق |
| بەشێک لە پرۆژەی ووشەکان و جیاوازی | ڕزگار حمەڕەشید |
| فەلسەفەی زانستی هاوچەرخ و خوێندنەوەیەک بۆ | |
| پێوەندیی نێوان فەلسەفە و زانست | دارا محەمەد |

ڕۆشــنگەری و تازەگەری وەرگێڕانی: هەڵکەوت عەبدولاّ

دڵنیابە- مەرگی تاقانەی دووەمت نەخوێندۆتەوە بەختیار عەلی

کتێبێکی نەدۆزراوە دەربارەی مێژووی کوردســــتان وەرگێڕانی: عەبدولاّ مەردۆخ

ئاوێنە بچۆلەکان

## لەبری هەڵوێستە

### ئێمە و خۆرئاوا

لە ژمارە (٥)ی ڕەهەنددا ڕامانگەیاند کە نیازمان هەیە ژمارەیەکی تایبەتی لەمەڕ خۆرئاوا و فیکری خۆرئاوا دەربکەین. هەرچەندە ئەم ژمارەیەی کە دەیخەینە بەردەمتان مەلەفێکی تایبەتی لەسەر خۆرئاوا تێدایە، بەلاّم دەبێت ڕاستگۆبین لەگەڵ خوێنەرانی هێژای ڕەهەند و لەگەڵ خۆشمان و بڵێین کە نیاز و خواست و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ژمارەیەکی تایبەتی لەســـەر خۆرئاوا زۆر لەوە گەورەتر و بەرفراوانتربوو کە لەم ژمارەیەدا هەیە. ئێمە لێرەدا وێڕای ڕێز بۆ ئەو دۆســـتانەی بەتەنـگ بـانگەوازەکەمـانەوە هـاتن، دەڵێین بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیرانی کورد وەک پێویست بەهانای بانگەوازەکەمانەوە نەهاتن و باس و لێکۆڵینەوەی بەدەست نەگەیشت. دیارە دەتوانین پەنجە بخەینە سـەر چەندین هۆ، بەلاّم گەر بەهەڵەدا نەچووبین هۆی سـەرەکی ئەوەیە کە ڕۆشـنبیرانی کورد گرنگی نادەن بە خوێندنەوەی فیکری خۆرئاواو تێڕامان لە شـــارســـتانیەتی خۆرئاوا، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئیشکالیەتێکە کە دەبێت ببێتە شوێنی مشتومڕ.

لەسـەرەتای ئەم سـەدەیەوە بەچەندان شـێوەی جیاواز ئێمەی کورد لەگەڵ خۆرئاوا، وەک شـارسـتانیەت و وەک سـیاسـەتی کۆمەڵێ وولاّتی خۆرئاوایی، دەرگیرین و بگرە زیادەڕۆییمان نەکردووە بڵێین هەندێ جار بووینەتە قوربانیی هەندێ ســـیاســـەتی ناعادیلانەی هەندێ وولاّتی خۆرئاوایی. لە بۆمبابارانکردنی شـاری سـلێمانییەوە لەلایەن هێزی کۆڵۆنیالیسـتی ئینگلیزەوە، لە ڕاپەڕینی شـێخ مەحمود و گرتنی شـێخ مەحمودەوە، لە پەیمانەکانی سـێڤەر و لۆزان و دابەشـکردنی کوردسـتانەوە، هەر لە پاڵپشـتی بێ قەیدومەرجی خۆرئاوا بۆ ئەو ڕژێمانەی کورد لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە دەستەویەخەیە

لەگەڵیان، هەر لە چاونووقاندنی خۆرئاواو بێدەنگبوونی ویژدانی خۆرئاوا لەبەردەم ئەو تاوانە گەورانەی دەرهەق بەمیللەتی کورد کراون و دەکرێن، لە سەرکوتکردنی شێخ سەعیدی پیران و کوشتاری دەرسیمەوە تا ئەیلولی ڕەش و تا لە سێدارەدانی قازی موحەمەدی پێشەوا، تا پیلانەکەی کیسنجەر لە کورد ساڵی ١٩٧٥، تا هەڵەبجە و هۆڵەکۆستی کورد (ئەنفال) و تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملۆ و شەرەفکەندی، تا نەخشەی (CIA) بۆ دەستگیرکردنی ئاپۆ بەچەندان شێوەی جیاواز ئێمە بووینەتە قوربانیی سیاسەتەکانی خۆرئاوا، بگرە نەتەوەیەک نییە لەسەر ئەم گۆی زەوییە هێندەی ئێمە ناپاکیی بەرانبەر کرابێت لەلایەن خۆرئاواوە، بەڵام نەتەوەیەکیش نییە هێندەی ئێمە چاویبڕیبێت لە خۆرئاوا وەک ڕزگارکەر. ئالێرەوە قسەکردن لەسەر خۆرئاواو تێڕامان لە عەقڵی خۆرئاوا خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێ و کارێکە ڕۆشنبیری کورد بەناچاری دەبێت لەسەری سەرەوەی ئەجێندا فیکری و کولتوورییەکەی خۆی دایبنێ. کەواتە ناسینی ئەو کیانەی پێیدەڵێن خۆرئاوا و خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی ئەو عەقڵەی کە پڕۆژەی مۆدێرنەتی سەرڕێگاخستووە، خوێندنەوەی سیاسەتی میکافیلیانەی خۆرئاواو بەدەرخستنی ستانداردی دووفاقە و سیاسەتی نائینسانیانەی خۆرئاوا لەمەڕ ئێمە و جیهانەوە دەبێت لە ئارەزووی ئەم یان ئەو ڕۆشنبیر بچێتە دەرەوەو خۆی وەکو بەشێکی گرنگ لە پڕۆژەی ڕۆشنبیریی کوردی نیشانبدات. خوێندنەوەی واقیعی کوردی بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە پڕۆژەیەکی کامڵ نابێت بێ ناسین و خوێندنەوەی (ئەوان)ی کورد کە خۆرئاوا یەکێکە لەوانە.

لەڕوویەکی تریشەوە قسەکردن لەسەر خۆرئاوا گرنگییەکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەی کە خۆرئاوا خاوەنی کۆمەڵێ دەستکەوتی زانستی و فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیی گرنگە کە ئێمەی کورد بەناچاری نەک بەتەنیا دەبێت لەو دەستکەوتانە بدوێین و ڕابمێنین، بەڵکو هەندێ لەو دەستکەوتانە خۆماڵیبکەین و بیانکەینە بەشێک لە دنیابینی کوردانەی خۆمان، ئەمە جگە لە ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییەی کە هەندێ لەو دەستکەوتانە دەستکەوتی هەموو مرۆڤایەتین و بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشداریی شارستانیانەی ئێمەش لە بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانەدا هەیە. ئالێرەوە بوونی جڤات (کۆمیونیتی) کوردی و بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد لە خۆرئاوا هەلێکی مێژوویییە لەبەردەم کوردا لە کۆمەڵێ ڕووەوە بۆ سەرڕێگاخستنی ڕێنسانسێکی کوردی و بۆ سەرڕێگاخستنی دیالۆگێ لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا. ئەمجارە لەماڵی خۆرئاوا خۆیدا ئێمە بەبەهاکان و هۆکارەکانی خۆرئاوا خۆی دەتوانین داکۆکی لە مافەکانی خۆمان بکەین وەک دانیشتوانی ئەو وڵاتە خۆرئاواییانە و هەروەک هەر جڤاتێکی تریش دەتوانین مەسەلە بنەڕەتیەکەمان، کە مەسەلەی کوردە، زیندوو ڕابگرین و کاریگەریشمان هەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی هەندێ لەو وڵاتە

خۆرئاواییانە. یەکێک لەو وانانەی دەبێت ئێمەی کورد لەو جڤاتە نا-خۆرئاواییانەی ترەوە، کە پێش ئێمە لە خۆرئـاوابوون، فێریبین ئەوەیە کە بەلانی کەمەوە لەســـەر دووئاســـت دەتوانین مانا بە ژیانی دوورەوولاتیمان ببەخشـــین و کاریگەریی تایبەتیمان لەســـەر مەســـەلەی نەتەوەکەمان هەبێت. لەلایەکەوە بەســـوودوەرگرتن لە هەلومەرجی لەبار لە بوارەکانی ئابووری و بیســـنز و ئەکادیمیادا هەلپەی خۆمان هەبێت و خەونی گەورە ببینین چ وەک تاکەکەس و چ وەک جڤات.لەلایەکی دیکەوە هەســـتی هاوکاری و بەتەنگەوەهاتنمان بۆ یەکتر و بۆ جڤاتی کوردی لەجاران زیاتربکەین. بەم شـــێوەیەش نەک دەنگی خۆمان دەبێت، بەڵکو دەسەلاتێک بۆ ئەو دەنگە وەک پاڵپشت دروستدەکەین و ئیدی تەنیا کۆمەڵە خەڵکێک نابین پەرتەوازە و بێدەســـەلات و بێخەون و بێڕێکخســـتن. زمانی دەســـەلات تەنیا زمانێکە کە خۆرئاوا لێی حاڵیدەبێت، ئەم دەســـەلاتەش تەنیا لە کۆکردنەوەی تواناکان، هێزەکان و بەهرەکان لەدەوری یەکتر گەڵاڵەدەبێت، نەک بەنیازی دروستکردنی حیزبی سیاسی، بەڵکو بەنیازی دروستکردنی جڤات و گرووپی کولتووری کە لەیەک کاتدا چاو لە پاراســـتنی مافەکانی جڤاتی کوردی ببڕێ لە مەنفا و بەدەنگیش بێت لەســـەر ئەو ناعەدالیەتەی ڕۆژانە میللەتەکەمان ڕووبەڕوویدەبێتەوە. بەدەنگ بێت لەو پێشـــێلکردنەی مافەکانی میللەتەکەمان لەلایەن داگیرکەرانی کوردســـتانەوە. بەهۆی بوونی جڤاتی کوردییەوە لە دەرەوەی کوردســـتان و لە خۆرئاوا ئیدی دەبێت ئەو ســـەردەمە بەســـەرچووبێت کە تێیدا کورد قەتڵوعامبکرێ و کەســـێ پێینەزانێ و ویژدانی کەسێ تەکان نەخوا، کاری ئێمە ئەوەیە کە ویژدانەکان ڕاچڵەکێنین، گۆمەکان بشڵەقێنین، دیواری بێباکی(Indifference) ی خۆرئاواییانە هەڵتەکێنین. زیاتر لەمە نووســـەری ئەم چەند دێڕە لەو باوەڕەدایە کە ئیمڕۆ ئێمەی کورد، بەتایبەت ئەوانەمان کە لە دەرەوەی کوردســـتان ئاوارەین، ئەرکێکی مێژووییمان لەســـەرە، بانگکراوین بۆ ئەرکێک کە ڕەنگە زیادەڕۆییمان نەکردبێت بڵێین تەنیا ئەرکی ئێمەی کوردە، ئەویش دوای کارەســـاتی کۆســـۆڤۆ و جەنگی ناتۆ دژبە یۆگۆســـلاڤیا تاقیکردنەوەی ئەو گریمانکارییەی کە ئەو جەنگە پشـــتی بەســـتبوو بەو بەهایانەی کە ناتۆ بانگاشـــەی بۆ کرد و دەیکا، بانگاشـــەی ئەوەی گوایە ئەو جەنگە جەنگێ بوو ئەخلاقی و لەبەر خزمەتگوزاریی مرۆڤـایەتی و بەتەنگەوەهاتنی مرۆڤدۆســـتانە بوو بۆ ئیتنیکێ کە ڕووبەڕووی ســـیاســـەتی پاکخوازیی ئیتنیکی بووەوە لەلایەن ناســـیۆنالیزمێ کە بەدواپلەی دڕندەیی و دێوانەیی گەیشـــت، ناسیونالیزمی سیربی. ئەو تاقیکردنەوەیەش بەم شێوەیە دەبێت کە ئێمە بەجیهان بڵێین، بە خۆرئاوا بڵێین کە حوکمی جیهان دەکا، ســـەدســـاڵە وەکو میللەتێ کە ڕووبەڕووی

نکۆڵیلێکردن لەسادەترین ماف و سیاسەتی نکۆڵیکردن لە شوناس و بوونمان دەبینەوەو یەکێ لەو هێزانەش، دەوڵەتانەش کە لە حەفتاوپێنج ساڵی ڕابردوودا شێلگیرانە دژی هەموو خواستێکی سادەی میللەتی کورد بۆتەوەو بەتوندی هەموو داواکارییەکی ڕەواو مرۆڤانەی کوردی سەرکوتکردووە، دەوڵەتی تورکیایە کە ئەندامێکی یانەی ناتۆیە. دەبێ بڵێین وێڕای سەدساڵ لە کوشتار و قوربانیدان، ئەو ناعەدالەتیەش قبووڵدەکەین کە دوای کۆسۆڤۆ کێشەی کورد بخرێتە سەر مێزی قسەکردن و ببێتە بەشێک لە ئەجێندای دامودەستگا نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەت ناتۆ. دیارە هێندە هوشیاریمان هەیە لەو ڕاستییە بگەین کە بەنێونەتەوەییکردنی کێشەی کورد کارێک نییە خودبەخود بکرێ یاخود هێزێکی ناکوردی پێیهەستێ، وەک چەکفرۆشەکان و پیاوانی بیسترو کۆمپانیا گەورەکان، بەڵکو هوشیارین لەوەی کە پرۆسەیەک لەو جۆرە دەیەها ڕێگری گەورەی لەبەردەمدایەو جگە لەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیرکردووە، ڕێگری گەورە (بەموفارەقەیەکی زۆرەوە) خودی پرۆسەی گڵۆبەلایزەیشنە. بەڵام وێڕای زانینی ئەو ڕاستییەش بەنێونەتەوەییکردنی کێشەی کورد و سەپاندنی ئەو کێشە لەسەر ئاستی جیهانی و خزاندنی ئەو کێشە بۆ نێو ئەجێندای دامودەستگا نێودەوڵەتیەکان تەنیا ڕێگایەکە بۆ سنووردانان بۆ ئەو جینۆسایدەی سەدساڵە ئێمەی کورد ڕووبەڕوویدەبینەوە، ئەوەش کارێکە تەنیا کورد خۆی دەتوانێ پێیهەستێ بەئامادەبوونی لە هەموو مەحفەلەکانی جیهاندا، لەسەر شەقامەکان، لە ئەکادیمیاکاندا، لە کۆنفرانسەکاندا، لەبەردەم دەرگای هەموو دامودەستگایەکدا. سەدەی بیست ویەکەم یا ئەوەتا سەدەی قبووڵکردنی جیاوازی و ڕاگرتنی جینۆسایدی کورد دەبێت، یا ئەوەتا هەروەک سەدەکانی تر لەکەیەک دەبێت، شەرمێک بەنێوچەوانی مرۆڤایەتیەوە لە نکۆڵیکردن لە جیاوازی بەهۆی جینۆساید و قەتلوعامی ئیتنیکە جیاوازەکانەوە. ئا لێرەوەیە کە ڕۆڵی مێژوویی‌یانەی کورد دەردەکەوێ، ئەویش لە ڕووبەڕووکردنەوەی خۆرئاواو مرۆڤایەتی بەرانبەر ئەو ڕاستییەی تا میللەتێک مابێت لەسەر ئەم گۆی زەوییە کە جینۆسایدبکرێ و نکۆڵی لە بوونی بکرێ و ئازادنەبێت، ئەوا نەک بەتەنیا قسەکردن لەسەر ئازادی و عەدالەت درۆیەکی گەورە دەبێت، بەڵکو مرۆڤایەتی سەرجەم ناتوانێ ئازادبێت.

ئەوەی لە کۆسۆڤۆدا ڕوویدا تراژیدیایەکە تا چەندین دەیەی تر دەشێ لە کاریگەرییەکانی بدوێین، لە قووڵی ئەو تراژیدیایە بیربکەینەوەو وانەی لێوە فێربین. بەڵام با لێرەدا تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە ناتۆوە هەیە سەرنجێک دەربڕین. دەستێوەردانی ناتۆ لە کاروباری یۆگۆسلاڤیا و بەتەنگەوەهاتنی ناتۆ بۆ کۆسۆڤییەکان و بۆمبابارانکردنی

یۆگۆسلاڤیا بۆ ماوەی ٧٩ ڕۆژ لەسەر ئەو پرنسیپە بوو کە دواجار ناونرا (پرنسیپی کلنتۆن) بەناوی بۆچوونێکی بێڵ کلنتۆنی سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە کە دەڵێ (هیچ کەسێ نابێ سزابدرێ یا بکوژرێ یاخود لە ڕیشە هەڵبکەندرێ بەهۆی میراتی ئایینی و ئیتنیکییەوە، بەهۆی شوناسییەوە کە جیاوازە). لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بۆچوونە مانایەکی ئەخلاقی قووڵی هەیە و دەبێت وەکو سیاسەت و وەک یاسا بچەسپێنرێت بۆ پاراستنی کەمایەتییە ئایینی و ئیتنیکییەکان، لەگەڵ ئەمەشدا سزادان و کوشتن و لە ڕیشە هەڵتەکاندنی ئینسانەکان بەهۆی جیاوازبوونیانەوە لەڕووی ئیتنیکییەوە ئەو حاڵەتەیە کە لە کۆمەڵێ شوێنێ ئەم دنیایەدا ڕۆژانە ڕوودەدا، لە کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا، لە چین (کێشەی موسڵمانەکان و تبتییەکان)، لە ئەفریقا، لە ئەمریکای لاتین، لە مەکسیک (ناوچەی چیاپس)، لە جیهانی عەرەبدا، لە وولاتە ئیسلامیەکاندا، هۆی چیبوو ناتۆ کۆسۆڤۆی هەڵبژارد بۆ چەسپاندنی ئەو پرنسیپە؟ وەک ئاماژەمان بۆ کرد، بەهانەی ناتۆ بۆ بۆمبابارانکردنی یۆگۆسلاڤیا و کۆسۆڤۆ پشتئەستووربوون بوو بە پرنسیپێکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانە. بەڵام ئەو پرنسیپە لەبەردەم سادەترین پرسیاردا خۆی بۆ ناگیرێ، ئەویش پرسیاری ناوچەکانی دی جیهان چی؟ خۆرئاواو نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوێ بوون لەکاتی ڕوودانی هۆلەکۆست (ئەنفال)ی کوردیدا؟ لەکاتی کارەساتی ڕاوەندادا؟ بۆ خۆرئاوا شانی خۆی تەکاند و لە لێپرسراوی لەبەردەم کارەساتی ڕاوەندادا و بۆچی خۆرئاوا بێدەنگە لە سیاسەتی پاکژخوازیی ئیتنیکی کە لە تورکیا دژبە کورد و چەندین ساڵە بەردەوامی هەیە؟ بارتەقای ١٠ بلیۆن دۆلار فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە تورکیا یانی چی؟ ساڵانە بەخشینی ٥ بلیۆن دۆلار کۆمەک بە ژەنراڵەکانی تورکیا یانی چی؟ بێدەنگی خۆرئاواو بەتایبەتی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی ناو تورکیا خۆی نیشانەی پرسیارە لەبەردەم بەهانەی مرۆڤدۆستانەی خۆرئاوا بۆ جەنگی کۆسۆڤۆ دادەنێ. پێش جەنگی کۆسۆڤۆ کۆماندۆکانی تورکیا بەپێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیەوە عەبدوڵا ئۆجەلانیان لە کینیا فڕاند و زیندانیانکرد و لە مانگی چواریشدا، لەو کاتەدا کە جەنگی کۆسۆڤۆ لە گەرمەیدابوو، لە تورکیا هەڵبژاردن دەکرا کە هیچ نەبوو جگە لە شەرم، جگە لە گاڵتەجاڕییەکی بێشەرمانە بەهەموو پرنسیپێکی دیموکراسیانە. لە سەردەمی ئەو هەڵبژاردنەدا پۆلیس و دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی تری تورکیا بەهەموو شێوەیەک و ڕێگایەک پارتی دیموکراتی خەڵک (HADEP) یان لەناوچەی کوردستانی تورکیا هەراسانکرد، بەناوچەکانی کوردستاندا گەڕان، بەتایبەتی ناوچە گوندنشینەکان،

هەرپەشـــەیان لە خەڵک دەکرد گەر بێتو دەنگ بۆ (HADEP) بدەن ئەوا ماڵەکانیان خاپووردەکەن، لە زیندانیان دەهاون، گووندەکانیان دەســـووتێنن. هەر لەو ســـەردەمەدا شەش هەزار کەس لە تورکیا دەستگیرکران و هەر هەموو ئەمانەش بوونە بابەتی میدیا، کەچی لەگەڵ ئەمەشـــدا نەیارییەکی ئەوتۆمان لە خۆرئاواوە گوێ لێ نەبوو دژ بەو بارودۆخە نادیموکراتی و نائینســـانییە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەر لەو ســـەردەمەدا قســـەکەرێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر بێشـــەرمانە چەند جارێک لە کۆنفرانســـە رۆژنامەگەرییە رۆژانەکەیدا جەغدی لەسەر ئەوە کرد کە تورکیا وولاتێکی دیموکراسییە و وولاتی یاســـا و چەند جارێکیش زۆر بێشـــەرمانە خەباتی رەوای کوردی بە ترۆریزم لەقەڵەم دا. ئیدی پێویستیمان بە بلیمەتێ نییە تا پێمان بڵێ جەنگی کۆسۆڤۆ لەبەر خاتری خەڵکی کۆسـۆڤۆ نەبوو، لەبەر پرنسـیپی مرۆڤدۆسـتانە نەبوو. خۆرئاوا بێدەنگە بەرامبەر دەیان کارەســـات و تراژیدیا کە لە جیهاندا ڕوودەدەن، چەنکە بەرژەوەندیی ئابووری و سـیاسـی واپێویسـتدەکات. کەواتە دەبێت بۆ هۆی تر بگەڕێین تا لە نیازەکانی ناتۆ بگەین لەدەستێوەردانیدا لە یۆگۆسلاڤیا.

هەروەها لەڕوویەکی تریشـــەوە جەنگی کۆســـۆڤۆ شـــوێنی پرســـیارە. وەک دەزانین ئەو جەنگە تەنیا بە هێزی هەوایی و مووشـــەکی مەدای دوور کراو هەر لەســـەرەتاوە ناتۆ بەتایبەت ئەمریکا ئیختیاری بەشـــداریکردنی هێزی زەمینی لە گەمەکە کردە دەرەوەو بەمەش هەم ماوەی بۆمبابارانکردنەکە درێژەیخایاند و هەم لەم ماوەیەشـــدا پرۆژەی پاکژخوازیی ئیتنیکی جێبەجێکرا. لەو کاتەدا کە لە ئاسمانە دوورەکانەوە فڕۆکەکانی ناتۆ بۆمبابارانی کۆسـۆڤۆ و یۆگۆسـلاڤیان دەکرد، پۆلیس و سـەرباز و میلیشـیا فاشـیەکانی ســـیرِبیا لە کۆســـۆڤۆ ســـەرقاڵی کوشـــتن و بڕین و جینۆســـایدی خەڵکی کۆســـۆڤۆ و دەرپەڕاندنی خەڵکی کۆسـۆڤۆ بوون. لەڕێگای تەکنەلۆژیای زۆر پێشـکەوتووەوە ناتۆ لە ئاســـمانەوە وێنەی گۆڕە دەســـتەجەمعیەکانی دەگرت، بەڵام بێ نیشـــاندانی ئامادەیی پەلاماردانی کۆسۆڤۆ لەڕێگەی سوپای زەمینییەوە. زۆربەی لێکۆڵەرەوە جیدی و خاوەن ویژدانەکان، نەک شـــەکەرۆکەکانی بیســـتەم، لەســـەر ئەوە تەبان کە گەر بهاتبایە ئەو ئیختیارە لەســـەرەتاوە لە ئەجێندای ناتۆ نەخرایەتە دەرەوە، ئەوا ئەو قەتڵوعامە بەو ئاستە ترسناکەی نەدەگەیشت، بگرە هەر زۆر زوو ئەو جەنگە بەو ئەنجامەی دەگەیشت کە گەیشـــت، واتە ملکەچکردنی ڕژێمی یۆگۆســـلاڤی، بەم شـــێوەیەش دنیا نەدەبووە شـاهیدی ئازار و میحنەتی یەک ملیۆن پەنابەری کۆسـۆڤۆیی. بەڵام بۆ بەشـداریکردنی سـوپای زەمینی لەو جەنگەدا لەو ئەجێندایە خرایە دەرەوە؟ لەبەرئەوەی لە دوای جەنگی

دووەمی کەنداوەوە ئیدی ستراتیژیەتی ئەمریکی بریتییە لە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و تەنیا شەڕکردن بەدواتەکنەلۆژیا بێ دانی هیچ قوربانییەک. لەڕاستیدا جەنگی کۆسۆڤۆ جەنگێک بوو خاڵی لە قوربانی لەلایەن ناتۆوە، ئەمەش ئیدی شـــێوازی جەنگەکانی داهاتووی ناتۆ و ئەمریکا دەبێت. باشــترین وەســفێکی ئەم ســتراتیژە ئەو ناوە بوو کە برژینسکی، کۆنە ڕاوێژکاری کۆشکی سپی، لەم ستراتیژییەی نا، ئەویش (ڕەگەزپەرستیی تەکنەلۆژی). بەپێی ئەم ڕەگەزپەرستییە گیانی سەربازێکی ئەمریکی بەهای زۆر زۆرترە لە دەیان، بەڵکو هەزاران کۆســـۆڤۆیی. لەلایەکی دیکەشـــەوە، ئیدی جەنگ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەســـەردادێ و ئیدی تۆ دوژمنەکەت نابینی و نازانی دوژمنەکەت کێیە، ئەوەندە هەیە چاو لە ئاســـمان دەبڕی و چاوەڕواندەبیت ئاخۆ کەی خودای دیکارتی بۆمبەکانی خۆی، ڕق و کینەی عەقڵانیەتی خۆی بەســـەرتا دەبارێنێ، تۆ دەبیتە خاڵێک لەســـەر شاشەی کۆمپیوتەر و ئیدی چەمکەکانی جەنگاوەری و شەرەف و ئازایەتی و دلێری و خوێن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و ترس لە مەرگ و لێخۆشـــبوون لە دوژمن هەرهەموو دەبنە داســـتانەکانی ڕابووردوو، ئیدی لەلایەکەوە تۆ هەیت و چاوەڕوانی ڕەحمەتی عەقڵانیەتی دیکارتی و چاوەڕوانی لە ئاســمانێک کە هەموو مانایەکی ڕۆحانی لەدەســـتداوە و تەنیا چەند هێڵێکی هەوایی و هێڵی جاســـووســـییە، لەلایەکی دیکەوە تەکنەلۆژیـای مۆدێرن و کۆمەڵێ فڕۆکەوان و مووشـــەکهـاوێژ و کۆمەڵێ دایەن و خزمەتکار کە شـــانوملی ئەو فڕۆکەوانانە و ئەو مووشـــەکهاوێژانە دەشـــێلن، بەڵام ئەفســووس تۆ نایانبینی، چونکە لە هیچ شــوێنێکدا نین، هەروەک چۆن تۆ بوویتە خاڵێ لەســـەر شـــاشـــەی کۆمپیوتەر، ئاواش ئەوان لە بوونە مرۆڤی کەوتوون، ســـوپاس بۆ بەربەریزمی عەقڵ.

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ژمارەیەدا هەموومان شـــاهیدی دادگاییەکەی ئۆجەلان بووین، ئەو دادگاییەی وەک هەمیشـــە ناعەدالەتی و نادیموکراســیەتی تورکیا و ســەرســەختیی ژەنەڕاڵەکانی تورکیای نیشاندا. هەموو ئەو داواکاری و پاڕانەوەو بانگەوازانەی کە کران لەکاتی فڕاندنی ئۆجەلاندا بۆ دادگاییکردنی عادیلانەی هەرهەموو بەباداچوون. ســـەرەتا بەپێی بەڵگەنامە ئەوروپییەکانی مافی مرۆڤ دەوڵەت تەنیا دەتوانێ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ و چەند ســەعاتێک لەکەســی تاوانبارکراو تەحقیقبکا بێ بینینی پارێزەر یا پارێزەرەکانی، کەچی تورکیـا بۆ مـاوەی دە ڕۆژ ڕێگەی نەدا بە پـارێزەرەکـانی ئۆجەلان تـا ببینن، ئەوکاتەش کە ڕێگای پێدان و تا کۆتـایی دادگاییەکەش پارێزەرەکانی ئۆجەلان بەهیچ شـــێوەیەک ئازادنەبوون لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیاندا کە ئامادەکردنی داکۆکیکردن بوون

له ئۆجەلان. سـەرەتا هەفتەی یەکجار بۆیان هەبوو ئۆجەلان ببینن، ئەویش بۆ ماوەی چارەکە سـەعاتێک، بەڵام بێ ئەوەی بۆیان هەبێت قەڵەم و کاغەز لەگەڵ خۆیان بەرنە ناو زیندانەوەو بێ ئەوەی بۆیان هەبێت سـەرنج یاداشـتبکەن، بێ ئەوەی بۆیان هەبێت ئازادانە لە سـتراتیژیەتی داکۆکیکردن لەگەڵ ئۆجەلاندا بدوێن، ئەویش لەبەرئەوەی لەو چەند دانیشتنە کەمەدا کە لەگەڵ ئۆجەلان سازیاندا هەمیشە دوو پاسەوانی ڕووپۆش و حاکمێکی سـەربازی ئامادەبوون. ئەمە جگە لەو هەموو سـووکایەتیپێکردنەی کە ڕووبەڕووی پارێزەرەکان بووەوەو بگرە لە ڕووداوێکدا لەناوەڕاسـتی شـاری ئەنقەرە بەڕۆژی ڕوونـاک فەلاقەی چەنـد پـارێزەرێکی ئۆجەلانیـان کرد. دادگـایی نـاوبراو بەسروشت دادگاییەکی سەربازی بوو بەهۆی سروشتی ئەو دادگایە و بەشداربوونی حاکمێکی سـەربازییەوەو ئیدی لێرەوە کۆمیدیای ئەو دادگاییە دەسـتیپێکرد. ئەوەی لەو هۆڵەدا و لەو دوورگە چۆڵکراوەدا ڕوویدا یەک کۆمیدیاو یەک سـێرکی پێشـوەخت ئامادەکراوبوو. بەدرێژایی ئەو دادگاییە، کە چەند ڕۆژێکی زۆرکەمی خایاند، پارێزەرانی ئۆجەلان ئەو مافەیان لێ زەوتکرا کە خێزانی شـەهیدانی کورد بانگکەن، ئەمە لەکاتێکدا هۆڵەکە پڕیبوو لە خێزانی تورکەکان، ئەوانەی کوڕەکانیان پۆلیس و سـەربازبوون و لە شەڕی کوردستاندا کوژراون. بەدرێژایی ئەو دادگاییە تەنیا ناڕەزاییەک کەلە ئەوروپاوە گوێمان لێبوو، دیارە گەر ناڕەزاییەک هەبێت هەر لە ئەوروپاوە دەبێت، چونکە چ کەنەدا و چ ئەمریکا دوو پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی تورکیان و هێندەی مەبەستیانە چەک بە تورکیا بفرۆشـن هێندە لە بیری مافی مرۆڤدا نین چ جای دەگا بە مافی کورد، ئەو ناڕەزاییەش سـەبارەت بەبەشـداری ئەو حاکمە سـەربازییە بوو. ئیدی تورکیا ڕۆژێک پێش تەواوبوونی ئەو کۆمیدیایە ئەو حاکمەی لابرد، بەڵام دوای ئەوەی ئەو حاکمە ئەجێندای دادگاییەکەی هەر لەسـەرەتاوە دیاریکرد و ژەنەڕاڵەکانی تورکیاشـی لە ئەنجامەکەی دڵنیاکردەوە کە حوکمکردنی ئۆجەلان دەبێت بە مەرگ. لەڕاسـتیدا یەکەم دەسـتەوتـاقمێ کە هەر لەسـەرەتـاوە حوکمی مەرگیـان بەسـەر ئۆجەلانـدا دا ڕۆژنامەنووسـەکان و میدیای تورکی بوون. میدیای تورکی هیسـتیریایەکی گەورەی سـازکرد و ڕای گشـتیی تورکی بەو شـێوەیە داڕشـت کە هەرهەموو وەک مندالکوژ سـەیری ئۆجەلان بکەن. لێرەوە میدیـای تورکی و کۆمەڵێ ڕۆژنـامەنووس خۆیـان بەنزمترین ئاسـتی ڕۆژنامەگەریانە، ئاسـتی زەلکاو، هەموو پرنسـیپێکی ئەخلاقی و بابەتگەراییان ژێرپێخسـت و بوونە شـەکەرۆکەکانی بارەگای سـوڵتانێکی نەخۆش. لە بیست ونۆیەمی مانگی شـەشدا، لەو ڕۆژەدا کە هەفتاوچوار سـاڵ بەر لەئێستە شـێخ

سـەعیدی پیران و یارانی لە سـێدارەدران، تورکیا حوکمی مەرگی بەسـەر ئۆجەلاندا دا، واتە لەماوەی هەفتاوچوار سـاڵدا عەقڵییەتی سـەربازی حوکمکەری تورکیایە و شۆڤێنیزمی کەمالیزم بارتەقای گەردێک نەگۆڕاوە.

هەرچی پەیوەندیشـی بەخودی ئۆجەلان و تـاکتیکی داکۆکیکردنەکەی لەخۆوە هەیە شـوێنی تێڕامانەو بگرە نائومێدی. سـەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە داکۆکیکردن لە ژیانی ئۆجەلان پێویستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە، چ وەک ئینسانێ چ وەک سـەرکردەیەکی کورد، ئۆجەلان وەک کاریزمایەک ژیان و بوونی تێکەڵ بە مەسـەلەی کورد بووە لە تورکیا. وێڕای ئەوەش من لەو باوەڕەدام کە ئەوەی لەو دادگاییەدا بینیمان و گوێمان لێبوو هیچ نەبوو جگە لە مەرگی کاریزما. ئەوەی بینیمان سـەرکردەیەک بوو دوای شـەهیدبوونی هەزارەها لاو تاکتیکێکی گرتەبەر بۆ پاراسـتنی گیانی خۆی. دیارە ئۆجەلانیش وەک هەر تاکەکەسێکی دی مافی ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکا و کارێ بکا کە پێش لەوە بگرێ لەسـێدارە بدرێ، بەڵام دەبێ لەیادمان بێت کە ئۆجەلان سـەرکردەیەکی کاریزمییە و لە شـەقامەکانی تورکیا و ئەوروپا و جیهاندا خەڵکانێکی زۆر بۆ ئەو کەسـایەتیە ئاگریان لەخۆ بەردا و ئێسـتاش سـەدانی تر ئامادەن ئاگر لەخۆ بەردەن یاخود بتەقێنەوە بۆ ئۆجەلان. هەڵسوکەوتی ئۆجەلان لەو دادگاییەدا هەڵسوکەوتی کەسێ نەبوو کە ئامادەبێت لەپێناو مەسەلەیەکدا بمرێ، نەک ئەوەندە، بەڵکو گورزێکی گەورەشی لە مەسەلەی کورد دا بەوەی کە مەسـەلەی کوردی لە سـەربەخۆیی و ئازادییە سیاسـی و مەدەنیەکانەوە کورتکردەوە بۆ هەندێ مافی کولتووری، وەکو ئەوەی زمانی کوردی ئازادبێت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی پەخشـبکرێنەوە. نەک ئەمەندە، بەڵکو هەموو خەباتی سـەدسـاڵەی کوردی لە تورکیا خسـتە ژێر پرسـیارەوە، بەوەی گووتی (ئەنجامێک کە ئەمڕۆ من پێیدەگەم بریتییە لەو ڕاسـتییەی کە بەدترین شـتێ بۆ خەڵکێک یاخیبوونە). ئەمە یەکەمین جار نییە سـەرکردەی کورد و قارەمانی کورد دادگاییدەکرێن و ڕەوانەی سێدارە دەکرێن، هەر لە شێخ سەعیدی پیران و شێخ ڕەزاوە تاکو چوار ئەفسەرەکەی کوردی عیراق و تا قازی محەمەدی پێشەوا و قارەمانەکانی نێو زیندانەکانی دیاربەکر و ئەنقەرە و دیمەشـق و قامشـلی و بەغدا و موسـڵ و تاران کە هەرهەموو دلێرانە بێ سـازشـکردن و بێ داواکردنی بەخشـین و پاڕانەوە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە. هەڵسـوکەوتی ئۆجەلان دەبێت ناچارمانبکا کە زۆر بەجیدی قسە لەسـەر سـەرکردەی کورد و ڕۆڵی سـەرکردە و سـیاسـەتمەدارانی کورد بکەین لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەکەماندا، گەر بمانەوێت خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە خەوشـی خێڵەکی

پاكبكەینەوە، گەر بمانەوێت ئەو خەباتە ڕەوایە لە پۆخڵەواتی ئەو سەركردانە پاكبكەینەوە كە وەك مەڕومالآت و وەك گایەك سـەیری ئێمە دەكەن. ئەو سـەركردانەی چاوەڕوانی ئەوە لە ئێمە دەكەن كە گووتیان شـۆڕش ئێمەش بڵێین شـۆڕش، كە گووتیان قوربانیدان ئێمەش بڵێین ئەمە ژیانی ئێمە، كە گووتیشیان سازش و ڕێككەوتن و مامەڵەكردن لەگەڵ دوژمن ئێمەش بڵێین بەڵێ بۆ دوژمن، كە گووتیـان چەكەكـانتـان دابنێن ئیـدی ئێمەش چەكەكانمان دابنێین و نەپرسـین بۆ؟ خوێنی هەزارەها كەس بۆ؟ لەڕاسـتیدا ئێمە لەسـەر دووڕیانێكین، یا ئەوەتا سـەركردەی كورد فێردەكەین كە ڕێز بۆ ژیانی كورد دابنێ، فێری سـیاسـەتی دەكەین و پاكیدەكەینەوە لە خێڵ و عەقڵیەتی خێڵەكی و پەتریاركی و فێریدەكەین كە چۆن كاتی خۆی هات پێویستە بمرێ یا لە سیاسەت بكشێتەوە، یا ئەوەتا وەك هەمیشـە ئێمە ئەو جەسـتەیەین كە خوێن دەدەین و سـەركردەكانیشـمان سـازشـی بەسـەرەوە دەكەن. تۆ بڵێی سـەدەی بیست ویەكەم سـەدەی ڕژانی خوێنی كورد بێت بێ لێپرسینەوە لە سەركردە و سیاسەتمەداری كورد؟

**فاروق ڕەفیق ٩٩/٨**

**ژماره ٩-١٠/٢٠٠٠**

نەتەوە و کۆمەڵگە

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران (ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، بەرزان فەرەج، فاروق ڕەفیق، ڕێبین ئەحمەد هەردی، مەریوان وریا قانع، هەڵکەوت عەبدوڵڵا)

تایپ: عەبدوڵڵا قادر دانساز

**ناوخن**

لێپرسراوانی ژمارە:

مەریوان وریا قانیع

ئاراس فەتاح

**ناواخن**

**هەڵوێستە**

مۆدێرینی: لە خەونی گۆڕانەوە بۆ خەونی مردن. نووسینی: ڕێبین هەردی

مەلەفی ژمارە: نەتەوە و کۆمەڵگە

دەسەڵاتدارێتی و پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون. نووسینی: ئاراس فەتاح

ناسیۆنالیزمی دوورمەودا، "کورد لە دەرەوەی کوردستاندا" دۆخی هۆڵەندا. نووسینی: مەریوان ووریا قانع

بەربەریەت و قارەمان. نووسینی: ڕیبوار سیوەیلی

سەدەی ناسیۆنالیزم. نووسینی: بەختیار عەلی

ئایا نەتەوە شێوەی وشەی هەیە؟ نووسینی: دکتۆر ساتو گروێندال. وەرگێڕانی: هاشم ئەحمەدزادە

گووتاری مافەکانی مرۆڤ و ترادسیۆنی ئیسلامی. نووسینی: فاروق ڕەفیق

کۆچکردن، ململانێ ئەتنییەکان و سیستمی نوێی جیهان. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لاوک صلاح

کورتە مێژوویەکی تازەگەری لە هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا. بەشی سێهەم: نوێکردنەوەی شێوە. نووسینی: گارا

لە وەڵامی فاروق ڕەفیقدا. نووسینی: گۆران باباعەلی

مەلەفی چاوپێکەتن

چاوپێکەوتن لەگەڵ فەیلەسوفی ئۆکسفۆردی جۆن هایمەن. سازدانی: چۆمان هەردی

کورد و ساڵی دوو هەزار. بەشداران: هاشم ئەحمەدزادە، دانا سۆفی، ئارام کاکەی فەلاح. ئازاد حەمە، ئەحمەدی مەلا، ئەنوەر ڕەشی عەوڵڵا، دلاوەر قەرەداغی، ئیسماعیل حەمەئەمین، بەختیار عەلی، ئەحمەد ئەسکەندەر، بەرزان هەستیار. ئامادەکردنی: هیوا قادر

ئاوێنە بچکۆلەکان

## هەڵویستە

پتر لە نۆساڵە بەشێکی گەورەی نیشتیمانی ئێمە ئازادە و بەعس ناچارکراوە لە دوورەوە بۆن بە کۆمەڵگا و مێژوو و ئیرادەی ئێمەوە بکات. لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەمە یەکەمینجارە کۆمەڵگای ئێمە لەژێر فشاری جەستەیی و سایکۆلۆژی بەعس دەرچووبێ و خۆی خەریکی ڕێکخستنی ماڵی خۆیبێت. یەکەمینجارە وەرزی ئازادی لە نیشتیمانی ئێمەدا ئەوەندە هەناسەی درێژبێت. جگە لەمانە ئەمە یەکەمینجارە ئێمە ماڵئاوایی لە سەدەیەک بکەین و بچینە ناو سەدەیەکی دیکەوە بەبێئەوەی هەموو نیشتمانمان

لێســـەندرابێتەوە. بێگومان ئەم وەرزی ئازادییە وەک چۆن ڕۆژگاری بەروبوومی ئیرادە و ســەرکەوتنی خەبات و ســەقامگیربوونی ڕاپەڕینی بێوچانی میللەتی ئێمە بووە، ئاواش لە هەمانکاتدا ڕۆژگاری وێرانکردنی چەندەها خەون و هەڵەی بێوێنە و پێشـــێلکردنی هەموو ڕۆحییەت و فانتازیایەکی نەتەوەییش بووە. ئێمە لێرەدا نامەنەوێت جارێکی دیکە بەناو ئەو ســەفەری برین و خوێنەدا بچینەوە کە کورد خۆی جەســتەی خۆی پێ وێران و مەحکومکردوە. بە درێژایی تەمەنی ڕەهەند ئێمە بەردەوام لەســـــەر جەنگ و هەڵە و ناکۆکییەکانی کورد لەگەڵ خۆی و لەناوخۆیدا دواوین و ســــەدەها لاپەڕەشــــمان بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن و دۆزینەوەی هۆکـار و دەرەنجـامەکـانی ئەم کـارەســــاتە تەرخانکردوە. بۆیە لەم هەڵوێســـتە خێرایەی ئەم ژمارەیەدا دەمانەوێت پێ لەســـەر ئەو ئومێد و خەون و ئەگەرە دیار و نادیارانە داگرین، کە دەشێت سەدەی بیست و یەکەمی مێژووی ئێمە بکاتە ســــەرزەمینی ئاســــوودەبوونمان وەک میللەتێک کە مێژووو وەک نەهرۆ دەڵێت، ڕۆژگارێکی درێژ هەتیوی خستبوو.

بێگومان ئەمە یەکەمینجارە لە مێژووی ئێمەدا دوای هەموو هەڵە و خوێن و کارەســـاتە ناوەکییەکانی خۆمان، هێشـــتا ســـنوور و هەلومەرجی خەونبینین کراوەبێت و هیشـــتا بوێرین بـاس لە ئەگەری گۆڕان و هەلی هـاتنەکـایەی مـاڵێکی نوێ بکەین، مـاڵێک بۆ نیشــتەجێکردنی ئازادی بۆ تاک و گروپەکانی کۆمەڵگای کوردی. ڕەنگە هێزی ســەرەکی مێژووی ئێمە لەبەردەم هەزارەی ســێهەمدا لە بوونی ئەم ئیرادە گەورەیەی خەونبینیندا بێت، لەو پەیمانە نهێنییەدابێت کە ئینســـانی ئێمە لە قووڵاییەکانی خۆیدا لەگەل خەون و لەگەڵ ئەگەرە ئەفسووناوییەکانی گۆڕاندا بەستویەتی.

ئەوەی ئەم مافی ئومێدەمان پێدەبەخشـــێت، بوونی ئەو پەراوێزە دیموکراتییەیە کە ئەمڕۆ لە کوردســـتاندا مێژوویەکی جیاواز لە مێژووی ناوچەکە بەگشـــتی و مێژووی عێراق بەتـایبەتی دەنوســـێتەوە: مێژوویەک تیپەڕ بە نـاو ڕاڕەوە ڕوونـاکەکـانی دیموکراســـیەت و کوچەکـانی فرەدەنگی و فرەڕەنگیـدا. مێژوویەک، هەوڵئەدات لە پەلکەزێڕینە بچێتە لە ناوچەیەکدا دیکتاتۆرەکان بە ترس چاندویانە و بە زەبروزەنگ ووشک و برینگیان کردۆتەوە.

لە ڕاستی دوورناکەوینەوە گەر بڵێین مەترسی گەورە لە کوردستانی ساتەکانی یەکەمی هەزارەی ســـێهەمدا لە وێرانکردنی ئەو پەراوێزە دیموکراتییەدایە کە کۆمەڵگای ئێمە ڕۆژانە شەڕی پاراستن و فراوانترکردنی مەودا و سنوورەکانی دەکات. ئێمە یان ئەوەتا بەردەوام دەبین لە بە دیموکراســـیکردنی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمـان، یان دیســـانەوە نووقمی ئەو مێژووە ئەبینەوە کە بەعس نزیکەی چارەکەسەدەیەک خەتە باریک و ئەستوورەکانی لە نیشتیمانی ئێمەدا کێشابوو. لە نێوان ڕاوەستان یان بەردەوامبوونی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە نیشتیمانی ئێمەدا

هیچ مەســـــافەیەک نییە، ئەوەی دەوەســـــتێت دەکەوێتەوە نـاو تۆڕەکـانی بەعس و مێژووییەکی بەعســییانەوە، ئاخر دنیای ئێمە تا ئەم ســاتەی ئێســتاشــمان لێوانلێوە لەو کەلەپوورە بەدەی بەعس کە بۆ کووشــتنی دەنگی ئازاد و بۆ پایەدارکردنی دەســەڵاتێکی خوێناوی بەرهەمیهێنابوو. تەنا دیموکراســــییەتی بەردەوام ڕانەگیراو لەخاڵێکدا توانای شــۆڕینەوە و پاککردنەوەی نیشــتمانی ئێمەی هەیە، هەم لە گازە کیمیاوییەکانی بەعس، هەم لەو کولتوورە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ستەمگەرەی کە مەترسییەکەی لە مەترسی گازەکان کەمتر نییە. بەم مانایە وەســـتانی پرۆســـەی بە دیموکراســـیکردنی ڕەهەندە جیاجیاکـانی ژیـانی کۆمەڵگـای ئێمە، مـانـای دووبـارەکردنەوەی ئەزموونی بەعس و لەوێشەوە دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو کارەساتانەی بەعسن کە تەمەنی نەوە جیاکانی میللەتی ئێمەی پێدەنووسییەوە.

بێگومـان ئەم وەرزی ئـازادییە بەر لەوەی بەرەنجـامی هۆکـارێکی دەرەکی بێت، زیـاتر دەسکەوتێکی گرانبەهای خەباتی سیاسی گەلی کورد خۆیەتی. ڕاستە هەلومەرجی دوای جەنگی کەنداو بـارودۆخێکی نـاوەکی و نـاوچەیی و نێودەوڵەتی لەبـاری هێنـایەکـایەوە، بەڵام ئەوە ئیرادەی قایمی میللەتی ئێمە بوو مێژووی ناچار بە بەرهەمهێنانی چەندەها ڕووداو دەکرد کە وەرزی ئـازادی ئێمەی نزیـک و نزیکتر دەکردەوە. ئەم ئیرادەی بەرهەمهێنانی مێژووە مێژوویەکی درێژی هەیە و ساتەوەختە ئەفسوناوییەکانی ڕاپەڕین لووتکەی بەرجەســـتەبوونی کـاری ئیرادەگەرانەی ئەم ئیرادە تووڕەیە بوو. ڕاپەڕین قەسیدەیەکی ئەفسـانەیی بوو کە بە ناوەرۆک و چێژ و ئیسـتاتیکایەکی دیکەوە سەدەی بیسـتەمی مێژووی ئێمەی بە وەرزەکانی سـەدەی بیسـویەکەم دەسـپارد. ئەم قەسـیدەی ئـازادییە لە جەوهەردا قســـەیـدەی بە قســـەهـاتنی کۆمەڵگـای ئێمەبوو لەدوای چارەکەســـەدەیەک لە بێدەنگکردنێکی ناحەزانە و بەعســـییانەی کۆمەڵگای ئێمە، تابووی هەرەگەورەی بەعس لە نیشـــتیمانی ئێمەدا، تابووی قســـەکردن و دەنگدەربڕین بوو، کوشتنی مافی تەعبیرکردنی مرۆڤی ئێمە لە خۆی وەک تاکەکەس وەک ئەندامی گروپێکی تایبەت، یاسـای یەکەمی بەعس بوو بۆ ڕێگرتن لە وێناکردنی مرۆڤی ئێمە بۆ خۆی وەک بوونێکی جیاواز و مانادار و ئینسـانی. بەم مانایە ڕاپەڕین شـەڕی سـەرسـەختی مرۆڤی ئێمە بوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی قســـەکردن، ڕاپەڕین قەســـیدەی دیموکراســـیەت و فرەدەنگی و داننان بە مافی جیاوازی و فرەڕەنگی و فرە دەنگیدا بوو، پەلکەزێڕینەیەکی تەڕبوو لە زەوییەکدا بەعس دەیویســـت بە ووشـــکوبرینگی ئەبەدیی مەحکومی کات. لێرەوە پاراسـتن و گەشـەپێدانی ئەم پەراوێزە دیموکراسـیەیە بەوەفابوونە بۆ جەوهەری ڕاپەڕین و بۆ ناوەرۆکی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشـتیمانی کوردسـتان خۆشـی کە زیاد لە ســـەدەیەکە بە هەموو شـــتێک دەنووســـرێتەوە، لە مەرەکەبەوە بۆ خوێن، لە عارەقە و ڕەنجەوە بۆ گیانفیدایی و ژیانبەخشین، لە هەوڵی ژنانەوە تەقالای پیاوان.

بێگومان زۆرن ئەو شـــتانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەعبیریان لە ڕۆحی دیموکراتیانەی

ڕاپەڕین دەکرد. لە پێش هەمووشـــیانەوە هەڵبژاردنەکەی ســـاڵی ١٩٩٣، هەڵبژاردنێک کە تێیدا چارەنووس و مژدەکانی مێژووی ئێمە بە ســـندوقەکانی دەنگدان دراو لەم ڕووەوە ســەرەتایەک لە نیشــتیمانی ئێمەو دروستکردنی ناوچەکەدا دروستدەبوو کە ئاماژەی بۆ داهـاتوویەکی پڕلە ئـاســـــودەیی دەکرد. دروســـــتکردنی پەرلەمـانی کوردی بە هەموو کەموکورپییەکانیەوە، گەر لە ســــیاقی ناوچەکە و مێژووی ئەو ڕژێمانەی لە ناوچەکەدا بەرقەران، تاماشـایکەین، ئەزمونێکی سیاسـی و دیموکراسـییانەی گرنگ بوو. ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمـــان یەکەمین ئەزمونی نوێی کۆمەڵگـــای ئێمە بوو بۆ بنیـــادنـــانی کۆمەڵگایەکی سیاسی کە دووربێت لە کەلەپووری بەدی عەسکەرتاریەت و تاکحیزبی و زەبروزەنگ کە بەعس لە خانە خانەی جەســتەی ســیاســی و کۆمەڵایەتی و کولتووری نیشـــتیمانی ئێمەدا چاندبووی. ئەم ئەزموونە دەکرا دەرەنجامی زۆر گەورەتری هەبوایە لەوەی لە ئێســـتادا هەیەتی، گەر هاتبا هێزە ســـەرەکییەکانی ناوی بە گیانێکی دیکەوە مـامەڵەیـان لەگەڵ دەســـتکەوتەکانیدا بکربـایەز ئەو هەوڵە ســــەرەتـاییانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بۆ دروستکردنی جیهانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ درا، جیهانێک لەسەر پرنســـیپەکانی مەدەنیەت و عەقڵانیەت و دیموکراســـیەت و تازەبوونەوە کاربکات، گەر هاتبا درێژەی هەبایە و بەردەوامبوایە، ئێسـتا کۆمەڵگای سیاسـی ئێمە وێنەیەکی دیکەی دەبو و لە قۆناغێکی دیکەی کامڵبوون و عەقڵانیەتی خۆیدا دەژیا.

ئەو خاڵەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت جەغدی لەســـــەر بکەین ئەو ڕاســـتییەیە کە هەموو دەســـــکەوتەکانی ڕاپەڕین بەشـــێکی دانەبڕاوی خەباتی چەندســـــاڵەی کورد بووە بۆ هانەکایەی دنیایەکی دیموکراسییانە و چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکان. ئەو بەهایانەی کە مـانـا مرۆییەکـان بە تـاک و بە گروهەکـان دەبەخشـــــنەوە و کەرامەتی ئینســـــان لەســـــەرووی هەموو شـــتێکی دیکەوە دادەنێن. دیموکراســـیەت بەم مانایە ڕێزگرتنێکی تەواوەتیە لە جیـاوازی و کولتوورێکی نوێە لە پراکتیکی ســـــیـاســـــی. لەم کولتوورەدا ململانێکان لەناو ڕێســـــا و بەها دیموکراتیەکاندا دەچن بەڕێوە و عەقڵانیەتێکی دیالۆگی کراوە دەبێت بە بنـاغەکەی. بنـاغەیەک کە ژیـانی تـاک و گروپەکـان تێیدا پـارێزراوە و کولتووری مشتومڕ و دیالۆگ جێگای بە کولتووری جەنگاوەرانە چۆڵکردوە.

کولتووری دیموکراســـیانە کولتوورێک نییە نوخبەیەکی بچووک لەســـەرەوەڕا بەســـەر جەماوەردا بیســـەپێنێت، دیموکراســیەت جەدوەلی زەرب نییە و لە ســەرەوەڕا جەماوەر نـاچـار بە لەبەرکردنی بکرێـت، وانەیەک نییە کە ســــەردارەکـان فێری خەڵکی بکەن، پرۆســـەیەک نییە کە دەســـەڵاتداریەتیەک بە موڵکی خۆی بزانێت، بەڵکو دیموکراسـیبوون پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و ســیاســی و کولتوورییە، خواســتێکی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو گروپ و لایەن و تـاکـانەیە کە بەرژەوەندیان لە بوونی کۆمەڵگایەکی کراوەدایە تـاوەکو تێیدا بتوانن داکۆکی لەخۆیان و مافەکانیان و ئازادی و پاراستنی جیاوازی خۆیان بکەن. بۆیە ڕێکەوت نییە کە بۆ کورد، وەک ئەتنیەکی هەڕەشـــەلێکراوی ناو دەوڵەتی عێراقی و

بێبەش لە هەر مافێکی سـەرەتایی، دیموکراسـیەت بوبێتە خواسـتێکی گرنگ لە خواسـتە سـەرەکییەکانی و بوبێتە ئامانجێک و فۆرمێک بۆ ڕێکخسـتنی ژیانی لە کوردسـتاندا. بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردن و بەشداریکردنی بەرفراوانی زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک تیایدا هێمایەکی گەورەی ئەو ڕاسـتییەیە کە دیموکراسـیەت موڵکی هیچ حیزب و لایەن و ڕۆشـنبیرێک نییە بە تەنها، دیموکراسـییەت وانەی هیچ دەسەڵاتدارێک و تاقمێک نییە، بەڵکو خواستێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیە.

کاتێک جەنگی ناوخۆش دەسـتپێکرد، یەکەمین شـەهیدی ئەو جەنگە خواسـت و ویسـت و عەقڵانیەتی دیموکراسـیانە بوو، ئەو خواسـتانەی خەڵکی کوردسـتان لە حوکومەتەکەی هەبوو تەنها پاراسـتنی دەسـکەوتەکانی ڕاپەڕین نەبوو، بەپێچەوانەوە پەرلەمانی کورد ڕووبەڕووی ئەرکی گەورە کرابووەوە کە چەندەها ئاسـتی جیاجیای هەبوو، لە ئاستی سیاسیەوە بیگرە تا بە ئاستی کولتووری و ئابووری و پەروەردەیی و زانیاری دەگات. شـەڕی ناوخۆ هەموو چاوەڕوانیەکانی خەڵکی ئێمەی لەدروسـتکردنی حوکومەتێکی عەقڵانی کە یاسا و پاراستنی نەگۆڕە نەتەوەییەکان و نەگۆڕە ئینسانیەکان بناغەکەی بێت، وێرانکردز خەڵک چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد بناغەی یاسـایەکی مەدەنی نوێ داڕێژرێ کە ڕێز لە هەمەجۆری کولتووری حیزبی بگرێـت و کۆتـایی بە دەسـەڵاتداریتی تاکحیزبی و بیرۆکەی حیزبی سـەرکردە بهێنێت، بەتایبەتی لە نمونە بەعسـییە بەدناوەکەیدا. خەڵکی کوردسـتان چاوەڕوانی ئەوەبوون حوکومەت پلانێکی گشـتگیر بۆ ئاوەدانکردنەوەیەکی مادی و مەعنەوی کوردسـتان و بۆ ئامادەبوونێکی دیپلۆماسـییانەی نەتەوەیی و ئەکتیڤ لە سـیاسـەتی نێونەتەوەییدا دابنێت و لەم ڕێیەوە کۆتایی بە سـیاسـەتێک بهێنرێت کە بە چەرخ و فەلەکەکانی حیزبەوە بەسـترابێتەوە و تێیدا کوردسـتان کورتکرابێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی حیزب حوکمی تێدادەکات. بێگومان هەموو ئەم ئەرکـانەی حکومەت، کە لە جەوهەردا خواسـتی خەڵکی کوردسـتانن، تائێسـتاش گرنگێتی خۆیان نەدۆڕاندوە و تائێسـتاش هەلی کاربۆکردن و ڕاپەڕینیان ئامادەیە.

با ئەوخاڵە تەواو ئاشـکرابێت کە دابەشـکردنی کوردسـتانی عێراق بۆ ناوچەی دەسەڵاتدارێتی ناوچەیی مانای بوونی دوو ئەزمونی دیموکراسی نییە، مانای زۆرکردنی کولتووری دیموکراسی نییە، مانای زیادکردنی هەلومەرجی چەسپانن و سەقامگیرکردنی دیموکراسـیەت نییە. ئەم دابەشـکردنە بەپلەی یەکەم بچووککردنەوە و شـپرزەکردن و شێواندن و بێماناکردنی پرۆسەی بە دیموکراسیبوون لە کوردستاندا دەگەیەنێت. یەکێک لە مەرجە هەرەسـەرەکییەکانی سـیسـتمێکی دیموکراسـی بوونی ئیجماعێکی سـیاسـی نەتەوەییە. واتە بوونی چوارچێوەیەکی یەکگرتوو تا لەناویدا پرۆسـە دیموکراسـیەکان جێگیرکرێن، ئەوەی ئەم دابەشـبوونە دەیکوژێت و وێرانیدەکات بوونی ئەو چوارچێوە نەتەوەییە یەکگرتوەیە. کوردستان پێویستی بە دوو سیستم نییە هەریەکێکیان خۆی بە

دیموکرات بزانێت، بەڵکو پێویستی بە یەک سیستم هەیە بتوانێت هەموو جیاوازییەکان لە ئامێزبگرێت. ئاخر دیموکراسییەت مانای پێکەوەژیانی ئارام و ئاشتیانەی چەندەها جیاوازی لەپاڵ یەکدیدا. لە دنیادا هیچ سیستمێکی دیموکراسی بوونی نییە بەشداربووەکانی ناوی چوارچێوەیەکی نەتەوەیی گشتییان قبووڵنەکردبێت بۆ نیشتەجێکردنی جیاوازییەکانیان، بەبێ بوونی ئەم چوارچێوە گشتییە قسەکردن لە دیموکراسییەت زیاتر لە قسەکردن لەسەر سەرابێکی سیاسی دەچێت تا واقیعێکی سیاسی بەرجەستە. لەڕاستیدا بوونی دوو سیستم لە کوردستاندا مانای بوونی دوو پەڵە سەرابی گەورە نەک بوونی واقیعێکی سیاسی کە لە قازانج و بەرژەوەندی دیموکراسیەتدا بێت.

لەناو ئەو هەلومەرجەی سەرەوەدا هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا مانایەکی دووفاقی هەیە، لەلایەک بەشداربوونی هەمو ڕێکخراوە سیاسییەکان لەو هەڵبژاردنانەدا و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دیاردەیەکی دڵخۆشکەر و پۆزەتیڤە و هێما بۆ بوونی ئەتمۆسفێرێکی دیموکراسی لەو ناوچانەدا دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەم هەڵبژاردنە هێمایە بۆ بێبەشبوونی نیوەکەی تری کۆمەڵگای ئێمە لەو هەلە دیموکراسییە. دیموکراسی نیوەچڵ مانای نییە، سەندنەوەی مافی هەڵبژاردن لە نیوەکەی دیکەی خەڵکی کوردستان، سەندنەوەی یەکێک لەسەرەتاییترین ماف و پرنسیپەکانی دیموکراسییەتە. لە دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینەدا هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لەڕێگای دەنگدانەوە جۆری ڕژێم بۆ وڵاتەکەی هەڵبژێرێت، واتە فۆرمی پەرلەمان دیاریبکات، یان لە شارەکەیدا فۆرمی شارەوانی دەستنیشانکات. ئەم مەسەلەیە مافێکە و دەشێت هەرکەسە و بەجۆرێک بەکاریبێنێتو بۆنمونە دەشێت یەکێک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لایەنێک و بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی لایەنێکی دیکە هەڵبژێرێت. خەڵکی کوردستان وەک گشتێک، دەبوایە ئەو مافەیان لێنەسێندرایەتەوە.

مانەوەی کوردستان بەدابەشکراوی زۆربەی هەوڵ و تەقالاکان کەم بایەخ دەکاتەوە، چونکە بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ هەموو هێزەکان پێکەوە زەحمەتە بیر لەهیچ پرۆژەیەکی سیاسی گرنگ و مانادار بکرێتەوەز لێرەوە مەسەلەی پاراستنی ئەو پەراوێزە دیموکراسییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەرارە، بەپلەی یەکەم وابەستەی ئەوەیە تاچەند ئیرادە سیاسییە جیاوازەکان ئامادەن چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ململانێ و مشتومڕی سیاسی دیموکراسییانە دروستبکەن. ئەو کەشە دیموکراسییەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندایە تەنها لەنێو ئەو چوارچێوە گشتییەدا مانای هەیە، هەلی مانەوە و پاراستنیشی تەنها لەناو ئەو چوارچێوە گشتییەدایە. ئەوەی خەڵکی کوردستان چ

لەناوەوە و چ لەدەرەوە پێویستیان پێیەتی، هەستکردنە بەوەی سەر بە ولآتێکن نەک بە حیزب و لایەنێک، زێدی مێژوویەکی نەتەوەیین، نەک منالّی ناو کۆبوونەوە حیزبییەکان. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆکە وەک نان و ئاو پێویستمان پێیەتی فەزایەکی دیموکراسیە، گەورەتر لە فەزای حیزبەکان، خەونێکە گەورەتر لە خەونی سیاسەتێک کە وابەستەی دیالێکتێ لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بێت. ئێمە پێویستمان بە سیاسەتێکە کە بتوانێت لەیەککاتدا بە هەموو دیالێکتە کوردییەکان بدوێت و لە هەموو زمانە زیندوەکانی دنیاش تێبگات، ئەوەی ڕازینەبێت دنیا و کۆمەڵگا و سیاسەت لەم بەرینییەدا ببینێت، دواجار دەکەوێتەوە ناو ئەوخانە بچووکانەی بەعس جیهانی لێوە دەبینی. دنیایەک، ئەمڕۆ وردە وردە دەخوازێت مێژووی بەعس و سەرکردەکانی بە دادگا بدات.

ئاراس فەتاح

مەریوان وریا قانیع

## ژمارە ١١/٢٠٠٠

لێپرسراوانی ئەم ژمارەیە: بەختیار عەلی- ئاراس فەتاح

لێپرسراوی ئاوێنە بچکۆلەکان: هیوا قادر

**بابەتەکانی ئەم ژمارەیە:**

-هەڵوێستە

- د. کەمال محەمەد: چۆن لە بەرهەمی هونەری بگەین؟

- مەریوان وریا قانیع: لە نێوان مۆدێرنە و ئیسلامی سیاسیدا

- ڕێبین هەردی: ڕۆشنگەری، تێزێکی ئایدۆلۆژی یان تێزێکی ڕەخنەگرانە

- مەهاباد قەرەداغی: زمان و ناسنامە

- ڕێبوار سیوەیلی: سیاسەت لە نێوان "ئاڵوگۆڕ" و "لێدان"دا

- گارا: کورتە مێژوویەکی تازەگەری لە هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا

- مارتن هایدگەر: گەڕانەوە بۆ بناغەی میتافیزیک. و: بەکر عەلی

- نیکۆلا بانسێل، باسکال بلانشار، ساندرین لۆمێر: پیشانگای ڕەگەزپەرستانەی ئەورووپییەکان شەیدادەکات. و: ئەحمەدی مەلا

- سعدالدین ابراهیم: ڕۆشنبیر و میر. و: هەڵکەوت عەبدوڵا

- ن.ح. ئەبوزێد: کێشەی ژن لەنێوان گوتاری ڕێنیسانس و گوتاری تایفەگەیدا. و:جەمال غەمبار

- محەمەد ئارکۆن: ڕۆشنکردنەوەی ڕابردوو بۆ تێگەشتنی ئێستا و بنیاتنانی ئاییندە. و: نەوزاد ئەحمەد

## هەڵوێستە

لە دونیای سیاسەتدا ترسناکترین ساتەوەخت، ساتەوەختی شکستە. تێکشکاوترین سیاسەتیش بۆ کۆمەڵگا ئەو سیاسەتەیە کە بەرژەوەندی تاک و گروپەکانی لەبەرچاونەگرێت و تێرکردنی خواستەکانیان نابێتە ئامانجی. ئەمڕۆ پاش نزیکی دەساڵ لە دوای ڕاپەڕین، یەکێ لەو ئیشکالییەتە گەورانەی بەرامبەری دەوەستین، پرسیارە دەربارەی ئەو ئاڕاستە نادیارانەی سیاسەت لە کوردستاندا گرتوونیەبەر. ئایا دەتوانین بڵێین سیاسەتی کوردی لەقووڵترین و تاریکترین قۆناغەکانی بونبەستی خۆیدا دەژی؟ ئایا دەتوانین بڵێین لەماوەی ئەو دە ساڵەدا واقیعی سیاسی کوردستان بەردەوام لە شکستێکەوە بۆ شکتێک و لە هەرەسێکیشەوە دەگەوازرێتەوە بۆ هەرەسێکی تر؟ ئەگەر وایە ئایا ئەم شکستانانە تەنیا لە ڕوخانی شێوە دەزگاییەکانی دەسەڵاتی کوردی و گەیشتنی ئەم دەسەڵاتە بە قووڵترین قەیرانی خۆیدا بەرجەستەدەبێت؟ ئایا سەرنەکەوتنی ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستان، جیاوازییەکی لەگەڵ شکستەکانی دیکەدا هەیە؟ گومانی تێدا نییە تا ئەو چرکەساتەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتدارێتی بەعسیزمدا نییە، ناکرێت باس لە شکسی تەواوەتی ئەم ئەزموونە بکەین، بەڵام بەوەشدا چەندین نیشانە لەبەردەستدایە کە پێماندەڵێت، دیسان ئەم ئەزموونە بەرەو باوەشی فاشییەت ڕێگای

گرتۆته‌وه به‌ر. لێره‌وه به‌بێ پەکخستنی ئه‌گه‌ری گێڕانه‌وه‌ی به‌عس و به‌بێ سه‌قامگیرکردن و پته‌وکردنی ئه‌زمونی دیموکراسی ناوخۆ، ئه‌سته‌مه باس له سه‌رکه‌وتنی بکه‌ین.
گه‌ر هاتوو باسمان له شکست کرد، ئه‌وا نیوه‌ی ڕاستییمان وتووه گه‌ر بڵێین: ئه‌م شکسته شکستی بکه‌ره سیاسییه‌کانی کورده له نووشوستیاندا بۆ پیاده‌کردنی سیاسه‌تێکی دیموکراسییانه و ناوکۆییانه‌ی کوردی.

شکستی ئه‌مجاره، شکستێکی هێمن، ناوه‌کی، خۆکرده. شکستێکه بکه‌ری ڕاسته‌قینه‌ی کورد خۆیه‌تی. شکستێکه له‌ناو خودی واقیعی کوردییه‌وه، له ستراکتوری کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و ڕۆشنبیریمانه‌وه هه‌ڵقوڵیوه. گرێدراوی کاره‌کته‌ری سیاسه‌تمه‌داری کورد و په‌یوه‌ستی کاره‌کته‌ری سیاسی و ڕۆشنبیریی مرۆڤی کورده. ئه‌م شکسته‌یان شکستێکه بکه‌ره‌کانی وه‌ک بکه‌ری هه‌ره‌سه‌کانی دی پۆستاڵ و خوده‌ی داگیرکه‌رانیان له‌سه‌ردا نییه، به‌ڵکو بکه‌رانی ئه‌وانه‌ن، که به‌رگی قاره‌مانی نه‌ته‌وه‌یان له‌به‌ردایه. ئه‌م شکسته‌یان شکستێکه له ڕێگای گریانه‌وه بۆ بێکه‌سی کورد له‌به‌رده‌م داگیرکه‌راندا ته‌فسیرناکرێت، ته‌نیا له ڕێگای شکایه‌ته‌وه له زوڵم و چه‌وسانه‌وه‌ی ده‌ره‌کی، چه‌مکه‌کانی ڕوونابێته‌وه؛ ئه‌مجاره‌یان ڕووبه‌ڕووی جۆره شکستێک ده‌بینه‌وه، که بێڕه‌حمانه ده‌مانخاته سه‌ر پرسیارو گه‌ڕان له ناو خودی خۆماندا. شکستی ئه‌مجاره هاوڕێی بانگه‌وازێکه به‌ره‌و ته‌ماشاکردنی ڕه‌خنه‌ییانه‌ی خود. شکستێکه پێمانده‌ڵێت، قۆناغی به‌نه‌فره‌تکردنی دونیاو خۆته‌ماشاکردن وه‌ک (قوربانییه‌کی ئه‌زه‌لی) مانایه‌کی نه‌ماوه، ئه‌وه‌ی ئێستا ده‌بێت بێته زمان ئه‌و گووتاره‌یه که به‌قووڵی به‌ره‌و زامه‌کانمان ڕاده‌کێشێت و پێمانده‌ڵێت، ئه‌و ماسکانه‌ی به ده‌موچاومانه‌وه‌یه، ده‌بێت فڕێبدرێن. ئه‌وه‌ی ده‌بێت ببینرێت ئه‌و به‌شه‌یه له واقیعی کوردی که ئه‌ندازیاری شکسته. نیوه‌ی ڕاستییه گه‌ر ئێمه باس له شکست بکه‌ین و مه‌به‌ستمان ته‌نها سیاسه‌ت بێت، چونکی ئه‌ویه که ئه‌ندازیاری شکسته ته‌نیا سه‌رکرده‌کان و حیزبه‌کان نین، به‌ڵکو هه‌موو ئه‌وانه‌ن که ساڵ دوای ساڵ و ڕۆژ دوای ڕۆژ مکیاجی شکستیان کردووه‌و مکیاجی ده‌که‌ن و برینه‌کانی ده‌شارنه‌وه، هه‌موو ئه‌وانه‌ن که ئه‌و چه‌واشه‌کردنه فیکری و زانستییه ده‌خوڵقێنن، ئه‌وانه‌ن که ناهێڵن دونیا ڕوون ببینین، چونکی ده‌ستکه‌وته‌کانی ڕاپه‌ڕینیان به ده‌ستکه‌وتی حیزب گه‌مارۆداوه، هه‌مو ئه‌وانه‌ن که له ڕێگای حیزبه‌وه و له‌که‌ناڵه‌کانییه‌وه و له ته‌نیشتییه‌وه و هاوته‌ریب و هاوشان به‌و، مه‌کیاجی ئه‌و هۆکارانه‌ده‌که‌ن که شکست به‌رهه‌مده‌هێنن. هه‌موو

ئەوانەن کە قارەمانی وەهمییان لە ناقارەمانەکان تاشـــیوە، ئەوانەن کە جورئەتیان نییە بەبێ بارکردنی واقیع بە وەحمی جوان بژین، ئەوانەن کە لەدوای هەرەس بەتاڵبوونەوەی دونیــاش، دوای ئەوەی کە بەچـاوی خۆیـان تـاریکی ئـاســۆکـان دەبینن، هەڵەی قارەمانەکانیان دەبینن، لێواری ڕەشـــی کۆتاییەکان دەبینن، بەتاڵبوونەوەی ئەفســـانە دێرینەکان دەبینن، ناتوانن بە چاوێکی کراوەتر و دیدەی یەکێکەوە کە پێویســـتی بە ئاسۆی تر هەیە بۆ ژیان و تێڕامان، ببینن و بیربکەنەوە. ئەم شکستە، شکستی ئەوانەیە کە دەزانن تێگەیشتن لە شکست دەیانخاتە بەر خانەی حیساب و لێپرسینەوە قورس و گەورەکان، شـکسـتی ئەوانەیە کە دەزانن تێگەیشـتن لە شـکسـت چ کۆمەڵە ڕاسـتییەک دەســـەلمێنێت کە ئەوان هەمیشـــە لێیهەڵهاتوون، هەمیشـــە لدوای تاوانتاشـــی بوون بۆ ئەوانەی کە پێشتر ئاسەوارو بوون و نیشانەکانی شکستیان بینیوە؛ هەموو ئەوانەن کە دەزانن قســـەکردن لە شـکســت، قســـەکردن لە تراژیدیا بەشـێکە لەو کولتورەی ئەوان ســـاڵگەلێکە دەیانەوێت خەفەیبکەن و ســـەرکووتیبکەن. لێرەوە ئەم هێزانە دەیانەوێت شـکسـت تێپەڕێت، بێئەوەی واقیعی ئێمە گەردبگرێت. دەیانەوێت واقیع هەرەسـبهێنێت، بەڵام دیدو بۆصـــوون و تەماشـــاکردنمان بۆ شـــتەکان هەروەکو خۆی بێت. دەیانەوێت ماڵاوایی لە ئومێدەکان بکەین، بەڵام هەر لەســـەر خەونەکانمان بژین. دەیانەوێت هەموو ژەهرێک هەڵمژین و هەموو تاریکییەک بنۆشـــین و هێشـــتا گەشـــبینبین. دەیانەوێت بونبەســـتی هەموو شـــتەکـان ببینین، بەڵام گەرومـان هەر پڕبێت لە گۆرانی خۆش. دەیانەوێت لە کارەساتەکاندا بژین، بەڵام پرسیار لە هۆکانی نەکەین. خوێنەکان ببینین و پرســـیار لە ماناو ســـوود و هودەیان نەکەین. دەیانوێت بەرەو شـــەوەزەنگی بڕۆین و باوەڕ بەتلیاکی گەشبینییان بکەین.

ئەوەی شکستی دروستکردووە، ئەو چاوانەن کە پەردەیەک بەسـەر هۆکانی شکستدا دەدەن، ئەوانەن کە زمانی حیزبی گەشەپێدەدەن، لەسـەر ستایشی پەراوێزەکان دەژین، لەسەر یاسای لەیادکردنی کێشە جەوهەرییەکان دەژین.

واقیعی ئێمە لە بونبەســـتدایە. ئەمەش ڕاســـتییەک نییە کە هەر ئێمە دەرکمان پێکردبێت، چونکی ڕۆژانە مرۆڤی کورد لەژێر ڕەحمەتی جەنگەکانی حیزبدا دەژی و چاوەڕوانی ئاشـــتییەکە کە لەو دۆخە ناکاوەی وەدەریبهێنێ، تاوەکو تیایدا کۆمەڵگا و ئابووری و ڕۆشنبیریی لە سیاقە سروشتییەکانی خۆیاندا گەشەبکەن. ئەو ئازادییەی لەگەڵ ڕاپەڕیندا هەڵهات، لەبەردەم فشـاری کۆتایی و لەپێشـدەم و گوشـاری دوا نەفەسـەکانی خۆیدا

دەژی. هێزەکانی کوردستان لەپێشدەم دەرگا داخراوەکاندان، لەنێو ئەو دیوار و گومۆکە (متاهة) سیاسییە تاریکانەدا دەسوڕێنەوە کە خۆیان دروستیانکردووە. سایسەتی کوردی بۆتە سیاسەتێکی بێ ئاڕاستە، سیاسەتی ئەگەرە کراوەکان، سیاسەتی چاوەڕوانکردنیک دونیا، سەیرکردنی ڕووداوەکان و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر ڕۆشنایی و ڕەفتاری ئەوانی دی. ساسەتی کوردی بووتە ساسەتی تەماشاکردنی لەسەردەمێکدا، کە تەماشەکەران تیایدا هەمیشە دەدۆڕێن. سیاسەتی فەرامۆشکردنی مرۆڤی کورد بە ئاموزشێکی قەدەرئاسا، دروستکردنی وێنەیەک لە عەقڵی ئەم مرۆڤەدا کە پەیوەستی ئەو بە داگیرکەرانییەوە ئەزەلییە؛ سیاسەتی گواستنەوەی جوگرافیاکانی دابەشکردن بۆ ناو عەقڵییەتی سیاسییانەی مرۆڤی کورد. ساسەتی قبوڵکردنەوەی داگیرکەر و جەلادەکانی وەکی سەرۆک و سەرکردەی شەرعی، سیاسەتی تێگەیاندنی مرۆڤی سادەی کورد بەوەی کە واقیعییەتی سیاسی ئەوەی دەستبدەینەوە دەست بەعس بۆ مافەکانمان، دروستکردنی ئەو وەهمەی کە دەشێت بەعس ماف بداتە ئێمە یان هەرعێراقییەکی دی. ئەم جۆرە سیاسەتدارشتنە هیچ پەیوەندیەکی بە سەرەتا ساناکانی زانست و فەلسەفەی سیاسییەوە نییە، تا سیاسەتمەدارانی کورد پێمان بڵێن ئێمە وەلائەتمان بۆ دەوڵەت، وەکی دەزگایەکی سەرەووی بەرژەوەندی گروپی و ئەتنی و ئایینی هەرماوە، بەڵکو پابەندی نەبوونی تێگەیشتنەیە لە چەمکی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی. سیاسەتێک کە هێشتا فێرنەبووە وەلائی بۆ دەوڵەتی عێراق وەک پێکهاتێکی دەزگایی سیاسی – جوگرافی (کە ئەمەشیان بۆ خۆی وەلائێکی پرێیشکالییەتە و شوێنی قسەیە) لەوەلائی بۆ سەرۆکێکی تۆتالیتار و فاشی جیابکاتەوە، کە گەورەترین هەڕەشە لەشەرعییەتی دەوڵەت خۆی دەکات، لێرەوە هەمیشە وەلائی خۆی بۆ عێراق لە ڕێگای وەلائییەوە بۆ سەرۆکێکی فاشی بەرجەستەدەکات. کۆی ئەمانە ئەو فەرهەنگەن کە ڕۆژانە سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا بەرهەمیدەهێنێ. هەربۆیە جێی خۆیەتی بڵێین کە سیاسەتی کوردی سیاسەتی شتی کوتوپڕە و مفاجەئاتە. بۆیە هەموو ئەو شتانەی کە چاوەڕوانکراونین، دەشێت ببن بە ڕووداو و هەموو ئەو شتانەشی کە لێی چاوەڕێدەکرێن، دەشێت لە هەموو ساتێکدا ببن بە نائومێدی.
دونیا دەسوڕێتەوە و حیزبە کوردییەکان هێشتا سەرگەرمی شەڕە بچوکەکانی خۆیانن، لە پشت ئەم جەنگانەشەوە ماشینێکی ڕاگەیاندنیان خستۆتە کار کە دونیای بۆ سەر سنووری جەنگ و دەستکەوتەکانی حیزب بچوککردۆتەوە. ئەم واقیعەش هوشیارییەک دروستدەکات کە لەهەموو لایەکەوە وێنەیەکی هەڵە بە مرۆڤی کورد، دەربارەی دونیا و

حەقیقەتی ڕووداوەکان، دەبەخشێ؛ لەسەر زەوییەکی ڕەش وەهمی سەوز دەچێنێت. لە کاتێکدا هەموو هەلومەرجەکانی بێماناکردنی مەسەلەی کوردی لە ئاستی دونیادا خستۆتەگەڕ، کەچی لە ڕاگەیاندندا بە درۆ بە مرۆڤی کورد دەڵێت کێشەکەت لە ئاستی جیهاندا تەقیوەتەوە. ڕۆژانە فەرامۆشی و پاشەکشێی مەسەلەکەی دەبینێت، پشتهەڵکردنی دونیا لە کێشەکەی ئەزموون دەکات، بەڵام بە درۆ بە مرۆڤی کورد دەڵێت ئێمە وەک جاران نەماوین و دونیا هەمووی دۆستمانە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کوردستان هەنگاوێک لە جەنگ و کارەسات و دواهەرەس نزیکتردەبێتەوە، کەچی بە خوێنەر و گوێگران و بینەرانی دەڵێت، ئێمە لەبەردەم دەرگاکانی ئازادیداین و هەنگاوەکانمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتردەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی (NGO)کان بەرەو نەمان دەچن و ژمارەی گەنجانی کوردیش لە کوردستان کەمتر دەبنەوە.

ئەمڕۆ حیزبە باڵادەستەکانی کوردستان، بەرەو شوێنێکی تر، شوێنێکی ترسناک هەنگاودەنێن، دوای مۆنۆپۆڵکردنی هەموو شتەکان، لە هەمووشیان ترسناکتر مۆنۆپۆڵکردنی هەڵوێستە لە بەعس (کە دەبێتە سەد دەر سەد بخرێتە بەر ڕاپرسی خەڵکی کوردستانەوە و بەبێ ڕاپرسییەکی گشتی هیچ هێزێکی سیاسی ئەو مافە نەداتە خۆی بڕیاری دانیشتن ورێکەوتن لە کۆمەڵێک دانیشتنی داخراو و جەلسەی نهێنی و ئاڵوگۆڕی وەفددا بە دەستوری ڕێکەوتنەکانی لەمەوبەربدات). دوای ئەم هەموو مۆنۆپۆڵکردنانە، کە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و ئەخلاقی گرتۆتەوە، ئێستا هەندێ لەدەسەڵاتدارەانی سیاسی ئێمە هەنگاو بۆ مۆنۆپۆڵکردنی بەرهەمهێنانی مەعریفی دەنێن، بەرەو شوێنێک کە فیکری کارکاتێری تیایدا هەق دەداتە خۆی فیکری ڕاستەقینە بکاتە کاریکاتێر، ستوونی ڕۆژنامەگەرەکانی حیزب ببنە کەرەستەی دەرکردن و تەشویهکرن و ڕاونان و تەشهیرکردنی هەموو دەنگێکی سەربەخۆ. شوێنێک تیایدا تەقلیدییەت هەموو کولتووره ڕەمزی و بێکەڵکەکەی خۆی دەهێنێتە دەروە. ڕەفتارە دێرینەکانی خۆی دەکاتەوە ستاندارد. ڕەمزەکانی وەک جاران لەبری کار بۆ گەشکردن و فراوانکردنی ڕووبەڕی مەعریفە و زیادکردنی دەرگاکانی بیرکردنەوە بکەن، دەبنە گوڵی ناو دیوەخان و سەرمێزی سیاسەتمەدارەکان. ڕەمزەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە وایان لێهاتووە هەمیشە بە ستایشی سیاسەتمەدارەکان دەستپێدەکەن و بە ستایشی ئەوان کۆتایی بە وتارەکانیان دەهێنن، پەلاماردانی هەموو ڕۆشنبیرییەکی سەربەخۆی دەرەوەی گوتارەکانی حیزبیش، ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییە ڕەسمییەیە، کە هەمووان

لەسەر یەک خوان کۆدەکاتەوە. بەو دیوەشدا کێشەی سەرەکی ئەو ڕۆشنبیرە تەقلیدییانە ئەوەیە کە چۆن ڕۆڵی پیاوماقووڵانی کۆن ببینن، چۆن ڕۆڵی مەلای گوند ببینن. لێرەدا فیکر دەبێتە وەعزێکی ئەخلاقی نزم، کێشەی ڕۆشنبیرو کۆمەڵگاو، ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیر کرتدەبێگتەوە بۆ کێشـــەی یەکێتی نەووســـەران و یەکێتی هونەرمەندان و هەموو ئەو یەکێتییانەی تر کە دواجار جگە لەوەی شوێنی شەڕی هەیمەنەی حیزبین، نە هیچیان بۆ ڕۆشـــنیریی ئێمە زیادکردووەو نەهیچیشـــی بۆ زیاددەکەن. کێشـــەی ئەم ڕۆشـــنبیرانە بەهەزار فەرسەخ لە کێشەی ڕۆشنبیرەوە بە دوورە و کورتبۆتەوە سەر غەمی سازدانی بۆنەو کۆبوونەوەی ئەوتۆ مردو تەقلیدی کە بوار بەوانە بدات بچنەوە ســـەر مینبەرو بەهرەی خۆیان لە بواری ئینشـانووسـیندا نیشـانبدەنەوە، حکایەتە بەتاڵەکانیان بگێڕنەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی پەیوەندییەک لەگەڵ خوالێخۆشبوویەکدا بەسبێت، ئەم بەڕێزانە بـــکـــاتە بـــلـــیـــمەتـــی زەمـــانـــی خـــۆیـــان.

دووبارە ئەم سیاستە کە ڕۆشنبیرەکانی ژێرباڵی حیزب پێویستیان پێیەتی سیاسەتی ئەوەیە کە ڕووداو و بۆنەو قەیرانی دەســـتکرد و(مفتەعەل)، شـــوێنی بۆنەو قەیرانە ڕاســـــتەقـــــیـــــنەکـــــان بـــــگـــــرنەوە.

لە کاتێکدا نەوەیەک لە ســیاســەتمەدار و نووســـەر خەریکی داپۆشــینی ڕووکارەکانی شـکسـت و کۆتایین، خەریکی هونەرسـازیین لە داپۆشـینی ئەو ئاسـتە تراژیدییەی کە کێشـــەی کوردی تیاچەقیوە؛ بەودیودا، نائومێدی هەموو ڕۆژێک نەوەیک ئاوارەی دەرەوەی وڵات دەکات، نەوەیەک بە ڕۆحی خۆی هەســـت بە نزیکبوونەوەی زیاترو زیاتری تراژیدیا دەکات، نەوەیەک گەیشـتۆتە ئەو قەناعەتەی کە لە شـانۆیەکی بێیاسـاو بێڕێســـادا دەژی. نەوەیەک لەبەر کاراکتەرە پیرەکان شـــوێنێکی نەماوە داگیریبکات و ئومێدێکی نەمواە بۆی بژی. دەرچوونی مانگانەی ســـەردان بگرە هەزاران کەس، کە بەشـــی هەرە زۆری ئەو گەنجـانەن کە دەکرا پشـــتوپەنـای ئـازادی و ووزەی دروستکردنەوەی کوردستان بن، باشترین دەنگدانی سیاسییە لەسەر واقیعی ئەمڕۆی نیشـــتیمان و تراژیدیترین فۆڕمی پێکۆڵکردنی نەوەی نوێیە دژ بە واقیعی دوای ڕاپەڕین و دونیای جەنگ و بەرژەوەندی حیزبی لە کوردستان.

بەدەر لە هەموو ئامۆژگارییەک، چاکترین ڕێگا بۆ دەرچوون لەم قەیرانانە کردنەوەی دەرگایە بۆ قسەکردن لەسەریان و پەنجەخستنی بیڕتووشانەیە بۆ سەر زامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکـانمـان، نەوەک تـاشـــینی ڕۆشـــنبیرییەکی وەهمی وەک ئەلتەرناتیفی کێشە ڕاستەقینەکان. هەوڵدانی شێواندن و تەشویهکردنی ئەو دەنگانەش کە

دەیانەوێت پەردە نەنرێتە سەر گرفتە قووڵەکان، ئەو پێنووسانەی هەوڵدەدەن مەعریفە لە ناو ڕاگەیاندنی حیزبیدا نەتوێتەوە یان لایەنی کەم تێکەڵاونەکرێت و دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی و نووسەرەکانی ئەو وەهمەیان لاسەوز نەبێت فیکر بە پێوانەی ململانێ کورتبڕو ڕۆژانە و هەفتانەکانی حیزب بپێوَن. جگە لەتەسککردنەوەی ئاسۆکانی تێگەیشتن و سستکردنی ئیمانی مرۆڤی کورد بە ئازادی و ماناکانی هیچی تر نابەخشێت.

پێوانەکردنی فیکر بە پێوانەکانی قازانج و زیانی حیزبی سەرەتایەکی ترسناکە بەرەو ڕەفتاری گەلەک ترسناکتر. سەرەتاکانی ئەم هەوڵدانە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی فیکر، لەو هەولانەدا دەردەکون کە ئەمڕۆ دوای زنجیرەیەک شێواندنی گەورە، هەوڵدەدرێت هەموو هەوڵێکی زانستی سەربەخۆ لە دەرەوەی حیزب بکرێتە دوژمن و بەم لۆژیکەش بەرەو قۆناغێک دەچین نزیکمان دەکاتەوە لە دانانی شێوازێکی نوێ لە (دادگا)ی ڕانەگەیەنراوی (تەفتیش) دەرهەق بە فیکر، کە پێویستە بەر لە هەر کەس هێزە دیموکراسەکانی ناو حیزب هەست بە مەترسییەکانی بکەن.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە بیڵێین ئەوەیە کە هەموو ئەم گەمانە لەدواجاردا لە خزمەتی داپۆشین و شاردنەوەی ڕووە تراژیدییەکانی واقیعی ئێمەدا کاردەکەن، ئەوەی لە پشت ئەم یارییەوە وەستاوە، هونەری شاردنەوەی قسەیە لەسەر ئەو بونبەستە سیاسی و ئەخلاقییەی کە سیاسەتی کوردی تیاچەقیوە. هونەرێک، دواجار وەک هەموو شتەکانی دی ناچارین ببینین و قسە لەسەر ئاڕاستە بینراو و نەبینراوەکانی بکەین. ڕزگاربوونی تەواوەتی لە تارمایی و مۆتەکەی بەعس گرێدراوە بە قووڵکردنەوەی دیموکراسییەتی سیاسی و فیکرییەوە، وەک چۆن گەورەبوونی ڕووبەری ئازادییە سیاسی و فیکرییەکان تاکە دەروازەشە بۆ چەسپاندنی قەناعەتێک بتوانێت لە فاشیزم بمانپارێزێت.

**لێپرسراوانی ژمارە**

*بەشی دووەمی پانۆراماکە لە لایەن هەریەک لە هاوڕێیانمان (حەمە هیوا، ژیار ئەسوەد، دیار عەزیز، شکار شابان)ەوە تایپ کراوەتەوە.